DOI: https://doi.org/10.54809/jkss.vi9.323

گۆڤاری کوردستانیی بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیییجیی

Copyright © Open access article with CC BY-NC-ND 4.0

# هیبچگەرایی نیچە بەپێی ڤاتیمۆ

## لێکۆڵینەوەیەکی شیکاریی -رەخنەیی

**پ. ی. د. ئازاد حەمە عبداللە**

بەشی باخچەی منالان، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق.

azad.hama@univsul.edu.iq

**پوختە:**

جانی ڤاتیمۆVattimo Gianni (١٩٣٦) فەیلەسوف و چالاکوانێکی سیاسیی پاشتازەگەر(پۆستمۆدێرن) و هیبچگەرایی ئیتالییە و یەکێکیشە لە کاریگەرترین فەیلەسوفەکانی ئیتالیا و رۆژئاوا لە بواری لێکدانەوەی فەلسەفەی نیچە. هەر ئەویش بوو لە سالآنی پاش ١٩٧٠ کانەوە نیچە و هایدیگەری هێنایە ناوەندی لێکۆڵینەوەی فەلسەفیی لە ئیتاڵیا. دیالۆگی بەردەوامی ڤاتیمو لەگەڵ نیچە و نەریتی نیچە زۆر لایەنی گرتووەتەوە. ئەوەی لەم توێژینەوەیەدا سەرنجی ئەخرێتەسەر هیبچگەرایی Nihilism نیچەیە. ئەڵبەتە ئەم لایەنەش لقوپۆپی تر ئەخاتە ناو توێژینەوەکەمان سەبارەت بە تێڕوانینی ڤاتیمۆ بۆ هیبچگەرایی نیچە، لەوانە گفتوگۆی ڤاتیمۆ سەبارەت بە هێرمێنۆتیک، راستیی، رەوشت. توێژینەوەکە، ئەوەش پیشان ئەدات، کە ئەو نیچەیەی ڤاتیمۆ گفتوگۆی ئەکات پتر لە ڤاتیمۆیەکی ئیتالییەوە نزیکە تا فەلسەفەی فەرەنسیی یان ئەڵمانیی. لێکدانەوەکانی ڤاتیمۆ سەبارەت بە هیبچگەرایی نیچە لە هەمان ئەو دەرگا فەلسەفییانە نادات، کە فەیلەسوفە هاوتەمەنەکانی لە رۆژئاوا لێیان داوە. چونکە لە لێکدانەوەکانی ڤاتیمۆ دا نیچە وەک فەیلەسوفێکی شۆرشگێری سیاسیی و کۆمەڵادێت یی خۆی دەرئەخات و هێرمێنۆتیکێکی نوێ لە هەناوی هیبچگەرایی نیچە بەناوی هیبچگەرایی هێرمێنۆتیکی Hermeneutical Nihilism بەرهەم ئەهێنێت، کە ئەوەش بە باسەکانی تازەگەریی و پاشتازەگەرییەوە گرێدراوەتەوە. بۆ ئەوەی هیبچگەرایی بەپێی نیچەکەی ئیتاڵیا راڤە بکەین پێویستمان بەوە ئەبێت چەمکی هزری لاواز راڤە بکەین، کە لای ڤاتیمۆ گرنگیی خۆی هەیە. لەبەرئەوەی چەمکی هیبچگەرایی نیچە لای ڤاتیمۆ لە پێوەندییدایە لەگەڵ چەمکەکانی تری هیبچگەراییدا، بۆیە لە توێژینەوەکەدا زۆرتر لەسەر ئەو لایەنە ئەوەستین، کە هیبچگەرایی نیچە بەپێی ڤاتیمۆ ئەو هیبچگەراییەیە، کە ڤاتیمۆ ئەکات بە نیچەی ئیتالیا. ئەڵبەتە توێژینەوەکە گریمانەی ئەوە ئەکات، کە بەهۆی نیچەوە کێشەی هیبچگەرایی لە فەلسەفەی ڤاتیمۆدا گفتوگۆ بکرێت و، ئەمەش وا ئەکات هیبچگەرایی نیچە ببێت بە داگیرکەری بۆچوونە فەلسەفییە دژە مێتافیزیکیی و پاشتازەگەرییەکانی ڤاتیمۆ. بۆیە توێژینەوەکە گەیشتووە بە چەند ئەنجامێک، گرنگترینیان، ئەوەیە، کە ئەوەی ڤاتیمۆ ئەیخاتە سەر تێگەیشتنی فەلسەفیی نیچە بۆ هیبچگەرایی بابەتی هزری لاوازە، کە لە رێگای ئەوەوە ڤاتیمۆ رەگ و ریشە قووڵەکەی هیبچگەرایی لە فەلسەفەدا گفتوگۆ ئەکات و چەمکی هزری لاوازیش وەک شێوازێک لە هێرمێنۆتیکی پیشان ئەدات. هەر لەبەرئەوە ئەپرسین: بناغە میتافیزیکییەکانی کۆمەڵگەی مۆدێرن چیین، کە ڤاتیمۆ رەتی ئەکاتەوە؟ زاراوەی پاشتازەگەریی لەناو رێبازی هیبچگەرایی هێرمێنۆتیکی ڤاتیمۆ دا چیی ئەگەیەنێت؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانەش لە توێژینەوەکەدا لەسەر سێ تەوەرە ئەوەستین، کە لە هزری ڤاتیمۆ دا سەبارەت بە هیبچگەرایی نیچە مانادارە: هێرمێنۆتیک ، پاش تازەگەریی، هزری لاواز.

**کلییلە وشەکان: هیبچگەرایی، نیچە، ڤاتیمۆ،هێرمێنۆتیک، پاش تازەگەریی، هزری لاواز.**

Recieved: 6/8/2023
Accepted: 13/9/2023

E-ISSN: 2790525-X
P-ISSN: 27905268

# پێشەکیی

سـەد سـاڵ پێـش ئێسـتا نیچـە پێـی وتیـن هیپچگەرایـی لـە دەروازەکانـی ئەورووپـادا وەسـتاوە. کەوابێـت، هیپچگەرایـی، ئـەو چەمکـە فەلسـەفییەیە ئەمانباتـەوە لای نیچـە و خۆشـی وەک بەشـێک لـە هـزری رۆژئاوایـی ئەخاتـەڕوو. ئێمـە لـەم توێژینەوەیـەدا ئەخوازیـن نیچـە بمانباتـەوە لای ڤاتیمـۆ، کـە بیریارێکـی پاشـتازەگەری هیپچگەراییـی ئیتاڵییـە و توێژینـەوە سـەرەکییەکانی بـە فەلسـەفەی نیچـەوە تایبەتـن، لەوانە:»کۆتـای تازەگەریـی»، «هیپچگەرایـی و هێرمێنۆتیـک لـە کولتـووری پـاش تازەگەرییـدا»، «لەودیـو لێکدانـەوەوە: مانـای هێرمێنۆتیـک بـۆ فەلسـەفە»،»هزری لاواز»، «نیچـە: دەروازەیـەک».

زۆربـەی توێـژەرە رۆژئاواییـەکان تایبـەت بـە هیپچگەراییەکـەی نیچـە و پـاش تازەگەرییەکـەی ڤاتیمـۆ هەندێـک کـۆد ئەکـەن بـە بناغـە بـۆ ئـەو پێوەندییـەی ئـەم دوو فەیلەسـوفە ئەڵمانیـی و ئیتاڵییـە پێکـەوە گـرێ ئەداتـەوە. ئەڵبەتـە سـێ چەمـک بـەردی بناغـەی ئـەم پێوەندییـە فەلسـەفییەن: بوونخوازیـی هێرمینۆتیکیـی Hermeneutic Ontology، هیپچگەرایـی پاشـتازەگەریی و هـزری لاواز Weak thought. لـەم توێژینەوەیـەدا، کار لەسـەر ئەم سـێ لایەنـە ئەکەیـن و، بـۆ ئـەوەی قووڵـتر کار لەسـەر کردنەکـە بەجـێ بهێنییـن، دوو تیـۆری گرنگـی ڤاتیمـۆ بـەر بـاس ئەخەیـن: تیـۆری لێکدانـەوە Interpretation و هـزری لاواز.

ئـەوە روونـە، کـە دیـدی هیپچگەراییـی ڤاتیمـۆ سـەرچاوەکەی فەلسـەفەی هایدیگـەر و نیچەیـە، بۆیـە ئێمـە لـەم توێژینەوەیـەدا لەسـەر هیپچگەرایـی نیچـە بەپێـی ڤاتیمـۆ کار ئەکەیـن. هیپچگەرایـی نیچـە بەپێـی ڤاتیمـۆ لـە فۆرمێکـی دیاریکـراوی بیرکردنـەوەدا داڕێـژراوە، کـە ئـەم توێژینەوەیـە گفتوگـۆی ئـەکات و، لـە رێـگای نیچەکـەی ڤاتیمۆشـەوە لـەوە تـێ ئەگەیـن، کـە چەمکـی هیپچگەرایـی رەگ و ریشـەی لـە تازەگەرییـدا داکوتیـوە.

لـەم توێژینەوەیـەدا هـەوڵ ئەدەیـن ئـەوەش گفتوگـۆ بکەیـن، کـە چـۆن هیپچگەرایـی لـە هـزری ڤاتیمـۆدا پێوەندیـی بـە پاشـتازەگەرییەوە هەیـە. واتـە شـوێنی هیپچگەرایـی لەنـاو پاشـتازەگەریی دەستنیشـان ئەکەیـن و دواتـر لـە رێـگای ئـەوەوە ئەخوازیـن بزانیـن، کـە ئایـا پاشـتازەگەریی چارەسـەری بـۆ هیپچگەرایـی پێیـە؟ یـان خۆیشـی جۆرێـک لـە هیپچگەرایـی بەرهـەم ئەهێنێـت؟

لێـرەدا ئـەوەش ئەڵێیـن، کـە لـەرووی تیۆرییـەوە ڤاتیمـۆ وێنەیەکـی لەسـەر پێوەندیـی نێـوان هیپچگەرایـی و پاشـتازەگەریی، هیپچگەرایـی و هێرمێنۆتیـک لـە رێـگای کارە فەلسـەفییەکانی هـەردوو بیرمەنـدی گـەورەی ئەڵمانیـی نیچـە و هایدیگـەرەوە خسـتوەتەڕوو، کـە ئێمـە لـەم توێژینەوەیـەدا تەنیـا سـەرنج ئەخەینـە سـەر هیپچگەرایـی نیچـە بەپێـی ڤاتیمـۆ.

کێشـەی توێژینەوەکـە: کێشـەی ئـەم توێژینەوەیـە ئەوەیـە، کـە لێکدانـەوەی کێشـەی هیپچگەرایـی لـە روانگـەی هیپچگەرایـی هێرمێنۆتیکیـی و هیپچگەرایـی پاشـتازەگەرییەوە لـە بەرهەمەکانـی ڤاتیمـۆدا بەربـاس بخەیـن. چونکـە ڤاتیمـۆ بـە سـوودوەرگرتن لـە بیرۆکەکانـی نیچـە بـەرەو جەوهـەری هیپچگەرایـی تازەگەریـی ئەمانبـات و هەڵسـەنگاندنێکی ئەرێنیـش بـۆ چەمکـی هیپچگەرایـی ئەخاتـەڕوو و، لـەو رێگایـەوە ئۆنتۆلۆژییەکـی هیپچگەرایی نـوێ درووسـت ئـەکات. بۆیـە لـە توێژینەوەکـەدا ئەپرسـین: ئایـا پاشـتازەگەریی هیپچگەراییـەک تایبـەت بـە خـۆی ئەهێنێتـە کایـەوە؟ تیـۆری «هـزری لاواز»، کـە تیۆرێکـی ڤاتیمۆیانەیـە، خـۆی وەک هیپچگەراییەکـی هێرمێنۆتیـک ئاشـکرا نـاکات؟ بەمجـۆرە بێـت، لـەم توێژینەوەیـەدا ئـەو پێوەندییـە گرنگـە روون ئەکەینـەوە، کـە بـۆ ڤاتیمـۆ

مانای خۆی هەیە: پێوەندیی نێوان هیچگەرایی و پاشتازەگەریی، چونکە ڤاتیمۆ چارەنووسی هیچگەرایی ڕۆژئاوایی لە ڕێگای پاشتازەگەرییەوە ئەخاتەڕوو. نەک هەر ئەوە بەڵکو گۆڕانی پاشتازەگەرییش لەناو هیچگەراییدا راڤە ئەکات.

ئامانجی توێژینەوەکە: لەم توێژینەوەیەدا هیچگەرایی نیچە بەپێی ڤاتیمۆ وامان لێ ئەکات پێوەندیی لە نێوان دوو لایەندا درووست بکەین. پاشتازەگەریی و هیچگەرایی لەلایەک، لەلایەکی ترەوە پێوەندیی لە نێوان هێرمێنۆتیک و هیچگەرایی. ئەمەش وا ئەکات توێژینەوەکە لە ڕێگای نیچەکەی ڤاتیمۆوە گفتوگۆی هیچگەرایی لە کولتووریی نەک تەنیا ڕۆژئاواییدا، بگرە لە مرۆییشدا بە گشتیی بکات.

مێتۆدی توێژینەوەکە: لە نووسینی ئەم توێژینەوەیەدا مێتۆدی شیکاریی بەکاربراوە، هەتا لە ڕێگای شیکارکردنی جۆری خوێندنەوەی فەلسەفییانەی ڤاتیمۆ بۆ گوتاری فەلسەفیی نیچە ئەوە بخەینە ژێر پرسیارەوە، کە هیچگەرایی لە هزری نیچەدا بناغەی بۆ ڕێبازێکی فەلسەفیی بوونخوازیی هێرمینۆتیکیی لای ڤاتیمۆ داناوە.

گرنگی توێژینەوەکە: گرنگی توێژینەوەکە لەوەدا خۆی پوخت ئەکاتەوە، کە هیچگەرایی نیچە بەپێی ڤاتیمۆ روونبکەینەوە. بۆ ئەو مەبەستە لێکۆڵینەوە ئەکەین لە چارەنووسی هیچگەرایی ڕۆژئاوایی لە کۆمەڵگەی پاشتازەگەریی شانبەشانی مانای هزری لاواز لەم کۆمەڵگەیە و، تواناکانی هێرمێنۆتیک لە دیاریکردنی ئەم هزرە و خودی هیچگەرایی لای نیچە.

گریمانەی توێژینەوەکە: توێژینەوەکە گریمانەی ئەوە ئەکات، کە بەهۆی نیچەوە کێشەی هیچگەرایی لە فەلسەفەی ڤاتیمۆدا گفتوگۆ بکرێت و، بۆ ئەوەی ڤاتیمۆش وێنەیەکمان لەسەر هیچگەرایی بداتێ نیچە ئەکاتە پێشەوای فەلسەفیی خۆی و، بەمە هیچگەرایی نیچە ئەبێت بە داگیرکەری بۆچوونە فەلسەفییە دژە مێتافیزیکیی و پاشتازەگەرییەکانی ڤاتیمۆ.

پەیکەربەندی توێژینەوەکە: ئەم توێژینەوەیە لە پێشەکیی و سێ بەش و دەرئەنجام و لیستی سەرچاوەکان پێکهاتووە. لە بەشی یەکەمدا لە ڕێگای دوو باسەوە قسە لە چیدێت یی هیچگەرایی نیچە و تازەگەریی ڤاتیمۆ ئەکەین. لەوێدا چیدێت یی هیچگەرایی نیچە و ڕۆڵی ڤاتیمۆ، وەک تازەگەر لە هیچگەرایی نیچە بەرباس ئەخەین. لە بەشی دووەمدا بەهۆی دوو باسەوە توێژینەوە ئەکەین لە چەمکی هزری لاوازی ڤاتیمۆ لە پێوەندیی بە هیچگەراییەوە. لە بەشی سێهەمدا لە ڕێگای دوو باسەوە باس لە هیچگەرایی هێرمێنۆتیکی ڤاتیمۆ ئەکەین، کە سەرچاوەیەکی نیچەییانەی هەیە و، ئەڵبەتە لەوێدا باس لە هیچگەرایی و هێرمینۆتیك لەناو کەلتووری پاشتازەگەریشدا ئەکەین. لە کۆتایی توێژینەوەکەشدا دەرئەنجام و لیستی سەرچاوەکان خراونەتەڕوو.

## بەشی یەکەم: چیدێت یی هیچگەرایی نیچە و تازەگەریی ڤاتیمۆ لەو بارەیەوە

### باسی یەکەم: چیدێت یی هیچگەرایی نیچە

چیدێت یی هیچگەرایی لە بنەرەتدا بەرەو ئەو تێگەیشتنەمان ئەبات، کە مرۆڤ تیایدا دڵنیایی بەدەست ناهێنێت و گشت بەهاکان نارەهان و ڕاستییە بنەڕەتییەکانیش بوونیان نییە، چونکە هیچ ڕاستییەکی رەها

بوونـی نییـە و ناشـتوانێت ئـەوە روونبکاتـەوە، کـە بۆچیـی ئێمـە بووغـان هەیـە. ئـەم بەهایانـە لـە کۆتاییـدا رەت ئەکرێنـەوە و ژیانیـش بەپێـی فەلسـەفەی هیچگەرایـی لـە ناواخنـدا بێمانایـە. هیچگەرایـی داکۆکیـی لـەو گریمانەیـە ئـەکات، کـە هیـچ شـتێکی بـاش ناتوانێـت رووبـدات، لەبەرئـەوەی هیـچ شـتێکی بـاش ناتوانێـت بـە راستیی بوونـی هەبێـت. بـەم جـۆرە، چیدێـت یـی هیچگەرایـی ئـەو باوەڕەیـە، کـە هەمـوو بەهـاکان بـێ بنەمـان و هیـچ شـتێک ناتوانرێـت بەرجەسـتەکرێت یـان بزانرێـت و، زۆرجاریـش پەیوەسـتە بـە رەشـبینیی تونـدڕەو و گومانێکـی رادیکاڵـەوە، کـە ئیدانـەی بـوون ئـەکات(Pratt, ٢٠٢١).

سـەرەڕای ئـەوە، ئەکرێـت بوترێـت، وشـەی هیچگەرایـی نزیکـەی دوو سـەدە زیاتـرە لـە گوتـاری فەلسـەفەی رۆژئـاوادا مشـتومڕێکی گەرمـی لەسـەرە و بەشـێوەیەکی فـراوان لـە بـواری فەلسـەفە و کولتـووردا بەکارئەبرێـت و تایبەتمەندییـە جیاوازەکانـی جیهانـی سـەردەمی ئێمـەش لەخۆئەگرێـت، بـەڵام لەسـەرەتای سـەدەی بیسـتەوە بەکاربردنەکـەی لەژێرسـایەی فەلسـەفەی نیچـە ئاراسـتەیەکی تـری وەرگرتـووە (Vazquez,١١٩٩,٢٠٢١). ئـەو بـوو ، کـە ئەیـوت کاریگەرییـە خراپەکانـی هیچگەرایـی لـە کۆتاییـدا هەمـوو قەناعەتـە رەوشـتیی و ئایینیـی و مێتافیزیکییـەکان لەناوئەبـەن و گەورەتریـن قەیـران لـە مێـژووی مرۆڤادێـت ییـدا خێراتـر ئەکـەن(Pratt, ٢٠٢١). بـەو جـۆرە، دیـدی نیچـە بـۆ هیچگەرایـی، ئەڵبەتـە لەنێـو فەیلەسـوفە رۆژئاواییەکانـدا، زۆرتریـن کاریگەریـی فەلسـەفیی لەسـەر چیدێـت یـی هیچگەرایـی دانـاوە و، زۆرتریش پەیوەسـتە بـە گفتوگۆکانـی هیچگەراییـەوە. لای نیچـە هیـچ رێکخسـتن و پێکهاتەیەکـی بابەتیـی لـە جیهانـدا بوونـی نییـە جگـە لـەو بوونـەی ئێمـە پێـی ئەدەیـن. مرۆڤـی هیچگـەرا بـە چوونـە نـاو رووکارەکانـی پاڵپشـتییکردنی بـاوەرەکان، بـۆی دەرئەکەوێـت، کـە هەمـوو بەهـاکان بـێ بنەمـان و عەقـڵ بـێ هێـزە. لەبەرئـەوە بـۆ نیچـە هیچگەرایـی پێویسـتیی بـە رەتکردنەوەیەکـی ریشـەیی هەیـە لەنـاو هەمـوو بەهـا و مانـا سـەپێنراوەکاندا. بۆیە"هیچگەرایـی Nihilism" ، کـە لـە وشـەی لاتینـی هیچـە Nihil وە هاتـووە، بـە واتـای هیـچ شـتێک نییـە، ئـەوەی بوونـی نییـە دێـت ( Ibid).

بەپێـی نیچـە بـۆ هاتنـە دەرەوە لـە ویسـتی هیچگەرایـی، پێویسـتمان بـە دابڕانـە لـە فەلسـەفەی رەوشـتیی سـوکرات و ئایدیاڵەکانـی وتـاری تازەگەریـی رۆژئـاوا. ئـەوەش، کـە جیهانـی ئێمـە خـۆی لەگـەڵ ویسـتی دەسـەڵاتدا یـەک ئەخاتـەوە(Nietzsche ,١٩٩٠ ,١١) ئەمـەش هیچگەرایـی بـەرز رائەگرێـت. بەمجـۆرە، ویسـت بـۆ دەسـەڵات لای نیچـە سـەبارەت بـە هاتنـی بەهـا نوێـکان، لەبـری بەهـا کۆنـەکان، بابەتـی ئاوڕدانەوەیـە. بەهاکانـی ئێمـە، کـە خۆیـان لەنـاو کۆتـای خۆیانـدا ئەبینیـەوە بـەرەو هیچگەرایـی ئەچـن. ئـەم هیچگەراییـە کۆتـای ئایدیاڵـە گەورەکانمانـە، کۆتـای ئـەو بەهایانەیـە لەگەڵـی راهاتبوویـن(Nietzsche,٢٤,١٩٦٨-٢٨ ). سـەرباری ئـەوە، هیچگەرایـی هەمـوو بیروبـاوەڕە بەنرخـەکان و راسـتییە پیـرۆزەکان وەک نیشـانەکانی ئەفسـانەی کەموکوڕیـی ئاشـکرا ئـەکات. لێـرەدا دارمانـی مانـا و پێوەندیـی و ئامانـج ئەبێـت بـە وێرانکەرتریـن هێـزی مێـژوو، کە هێرشـێکی تـەواو بـۆ سـەر واقیـع پێـک ئەهێنێـت و لەوێـدا هیچـی کەمـتر نابێـت لـە گەورەتریـن قەیرانـی مرۆڤادێـت یـی(Ibid).

هـەر لەبـەر ئـەو جـۆرە شـیکاریانەی نیچـە، هیچگەرایـی زۆربـەی کات پەیوەسـتە بـە فەلسـەفەی نیچـەوە، کـە ئەیـوت کاریگەرییـە خراپەکانـی هیچگەرایـی لـە کۆتاییـدا هەمـوو قەناعەتـە رەوشـتیی و ئایینیـی و مێتافیزیکییـەکان لەنـاو ئەبـەن و گەورەتریـن قەیـران لـە مێـژووی مرۆڤادێـت ییدا خێراتـر ئەکـەن(Pratt,٢٠٢١).

بۆیە توێژەران وای بۆ ئەچن، کە هیچگەرایی لەسەر دەستی نیچە پێناسەیەکی پڕبەپێستی بۆکراوە، کە بریتییە لە: رەتکردنەوەی ریشەیی بەها، مانا و ئارەزوو (Nietzsche,٧,١٩٦٨). کەواتە هیچگەرایی ئەوەیە، کە هەموو کولتووریی ئەوروپایی بەرەو کارەساتێک ئەڕوات (Ibid). سەرەڕای ئەوە، زۆرێک توێژینەوەی فەلسەفیی پاش مردنی نیچە لە روانگەی هیچگەراییەوە بیرۆکەکانی نیچەی سەبارەت بە قەیرانی کولتووریی شیکردووەتەوە. ئەمەش بەهۆکاری ئەوەی، کە بە بڕوای نیچە هیچگەرایی شارستانی مۆدێرن ئەگرێتە دەست و پرسی بەهاکانیش ئەوروژێنێت. ئەڵبەتە قەیرانی بەهاکان بەجۆرێک کاری خۆیان ئەکەن داڕمان ئەبێت بە ئامانجیان، ئەمەش وا لە نیچە ئەکات کار بۆ دۆزینەوەی بەهای نوێ بکات.

لەسەر بنەمای ئەوەی لای سەرەوە باسکرا، ئەکرێت ئاماژە بۆ ئەوەش بکرێت، کە بۆ نیچە هیچگەرایی نەخۆشییەکی سەردەمی تازەگەرییە،-بە تایبەتی، سەردەمی نوێ و ئەورووپا. ئەم نەخۆشییە کۆمەڵگا و کولتووریی ئەوروپایی بە گشتیی و هەروەها هەموو تاکێک تووش ئەکات. لەبەرئەوە زۆرێک توێژەر پێی وایە دەستنیشانکردنەکانی نیچە بۆ هیچگەرایی پێغەمبەرانە بووە(Woodward,٥٤,٢٠٠٢). هاوکات نیچە زوو لەو بارەوە پێی وتین، 'ئەوەی من ئەیگێڕمەوە مێژووی دوو سەدەی داهاتووە. من باسی ئەوە ئەکەم، کە چیی دێت، ئەوەی، کە دێت چیتر ناتوانێت بە شێوەیەکی جیاواز بێت: ئەوە هیچگەراییە دێت (Nietzsche,٣,١٩٦٨). بۆ نیچە جگە لە رووی ئێستا و مۆدێرنانەکەی هیچگەرایی، هیچگەرایی رەگ و ریشەی لە مێژوودا هەیە و درێژ ئەبێتەوە بۆ داهاتوو. بەمجۆرە هیچگەرایی پۆلینگەرایی خۆی هەیە؛ ناڕوونە و بە شێوەی جۆراوجۆر خۆی دەرئەخات، کە رەنگە وەک ئەگەرێک لە گەشەسەندنی مێژووییدا ببینین( Woodward,٥٤,٢٠٠٢).

سەرەڕای ئەوە، هیچگەرایی لە توندڕەوترین شێوەی بوونگەراییدا، ئینکاری خودی ژیانە بەهۆی بێمانایی رواڵەتییەوە(Ibid,٥٢). خۆکوشتن، بۆ نیچە، بۆ نموونە کردەوەیەکی هیچگەراییە(Nietzsche,١٤٣,١٩٦٨). لێرەوە ئەگەینە ئەوەی، کە هیچگەرایی حاڵەتێکی بوونایی و دەروونناسییە، کە تاک ئەتوانێت ئەزموونی بکات، بەڵام نیشانەیەکی کۆمەڵگاشە، و بە گشتیی لە رووی مێژووییەوە وەک دەستنیشانکردنی نەخۆشییەک لە کۆمەڵگایەکدا لە سەردەمێکی دیاریکراوی مێژوودا بیری لێ ئەکرێتەوە. کەواتە، هیچگەرایی نەخۆشیی و لەناوچوون و خراپبوونە و نیشانەی داڕمانی رۆژئاوایە ( Woodward,٥٢,٢٠٠٢).

هەروەها لای نیچە زۆربەی فەلسەفە بەشێکە لە لێکدانەوەی رەوشتیی مەسیحیای(Ibid ) لەبەرئەوە نیچە سەرچاوەی مێژووی هیچگەرایی بۆ لێکدانەوەیەکی تایبەتانەی جیهان ئەناسێنێت: ئەویش رەوشتی مەسیحاییە(Ibid,٥٤). ئەم لێکدانەوەیە مانا بە ژیانی مرۆڤ ئەبەخشێت، ئەوەش بە دانانی بنەما بابەتییەکانی بەها لە دەرەوەی مرۆڤ، لە شێوەی خودای باوک، وەک یاسادانەری بەها(Nietzsche,٩٢,١٩٩٦). بۆیە ئەبینین، کە لەگەڵ بانگەوازی مەرگی خودا نیچە قۆناغێکی تر لە هیچگەرایی بەرباس ئەخات، کە هیچگەرایی رادیکاڵە. ئەم جۆرە هیچگەراییە کەسێکە، 'کە حوکم لەسەر جیهان ئەدات، جیهان وەک خۆی، کە نابێت ببێت، جیهان وەک ئەوەی ئەبێت ببێت، کە بوونی نییە' (Nietzsche,٣١٨,١٩٦٨). هیچگەرایی رادیکاڵ دوو ئەگەری لەخۆگرتووە: هیچگەرایی سست، کە بریتییە لە قبوڵکردنی جیهانێکی بێمانا، یان هیچگەرایی چالاک، کە هەوڵی لەناوبردنی ئەوە ئەدات، کە بەرماوەی پۆلە نەریتییەکانی بەهادانە.

هیچگەرایی چالاک، فۆرمێکی بەسوودە لە هیچگەرایی رادیکاڵ (بە پێچەوانەی هیچگەرایی سست)، هەوڵدانە بۆ لەناوبردنی هەموو بەهاکان، لەوانە ئەوانەی، کە پەیوەست بوون بە جیهانی «راستەقینە»وە. هێرشەکانی نیچە بۆ سەر بەها ئایینیی و رەوشتیی و فەلسەفییە نەریتییەکانی وەک خودا، مێتافیزیک، راستیی، بەزەیی، خۆبەزلزانین و جیاکردنەوەی نێوان چاکە و خراپە، ئەتوانرێت وەک هیچگەرایی چالاک لە کرداردا سەیر بکرێت(Woodward,٢٠٠٢,٥٥).

بە بڕوای نیچە تازەگەری بە هاتنی هیچگەرایی رادیکاڵ تایبەتمەندە. مێژووی دوو سەد ساڵی داهاتووش ئەبێت بە مێژووی هیچگەراییەکی چالاک، کە تادێت توندڕەوتر ئەبێت(Woodward,٢٠٠٢,٥٦). لەبەرئەوە تازەگەری رۆژئاوا بۆ نیچە دارمانی بەهاکانی لەگەڵ خۆی دا هێنا. ئەم دارمانە سەرچاوەیەکی هیچگەرایی هەیە. لێرەوە کۆیلە بەسەر سەروەرەکەیدا زاڵ ئەبێت. رەوشتیی کۆیلە سەرووی رەوشتی ئەوی تر ئەبێت. ئەمەی نیچە باسی ئەکات ئەوەیە، کە دێت ، بەڕێوەیە و بەدوای رێچکەی خۆیدا ئەگەڕێت(Nietzsche,٢٨,١٩٦٨-٣٠). لەبەرئەوە، نیچە فەلسەفەکەی تەرخانکرد بۆ کۆڵینەوە لە سەرچاوەکانی هیچگەرایی، دارمانی بەهای ژیان و ئاوابوونی رەوشت. بۆ ئەو لەدەستدانی بەهاکان سەرەتایەکی خراپن بۆ هاتنی ژیانێکی هیچ. لەبەرئەوە مرۆڤ ئەبێت بگەڕێتەوە بۆ دۆخی سرووشتی خۆی. بەهاکانیش بەهایان پێ ئەدرێت(Nietzsche,١٩٩٠ ,٨-١١). کەوابێت، گوتاری هیچگەرایی لە تازەگەرییەوە دەستی پێکردووە و هەوڵێکیشە بۆ دەستنیشانکردن و وەڵامدانەوەی گرفتە بنەماییەکانی تازەگەریی.( Woodward,٢٠٠٢,٥٢)

## باسی دووەم: تازەگەریی ڤاتیمۆ لە هیچگەرایی نیچەدا

جانی ڤاتیمۆ، کە تازەگەرە لە خوێندنەوەی فەلسەفییانەی هزری نیچە، وێنەیەکی پوختی لەوبارەیەوە لەسەر هیچگەرایی نیچە خستوەتە ناو وتاری فەلسەفیی رۆژئاواییەوە. جێی وتنە، ڤاتیمۆ لە ئەڵمانیا لە زانکۆی هایدێلبێرگ Heidelberg لەبەردەست کارل لویت Karl Löwith و گەدامێر Gadamer فەلسەفەی خوێندووە و دواتر لە زانکۆی تورین Turinی ئیتالیی پەرەی بە توێژینەوەکانی لە بواری فەلسەفەی تێۆریی داوە. ئەو ماوەیەی لە ئەڵمانیا خوێندوێت ی شارەزای وردی لەسەر فەلسەفەی سەدەی نۆزدە و بیستی ئەڵمانی پەیداکردووە. هاوکات لە زانکۆی ناوبراوی ئیتاڵیی شان بەشانی ماریۆ پێرنیۆلا Mario Perniola و ئیمبێرتۆ ئێکۆ لە بواری فەلسەفەی جوانییناسیی و بوونناسییدا خوێندکاری لویجی پارەیزۆن Luigi Pareysón بوونە(Kobyliński,٢٠١٦,٥٧). سەرباری ئەوە، ڤاتیمۆ لە ئیتاڵیا ناوی زۆرتر وەک پسپۆر لە فەلسەفەی هاوچەرخی ئەڵمانیی (نیچە، هایدیگەر، شلایرماخر)رۆشتووە، واتە پسپۆر لە بیری ئەو بیریارانەی بناغەیان بۆ کۆتایهێنان بە بیری تازەگەریی داناوە.

شایانی باسە، ڤاتیمۆ یەکێکیشە لە فەیلەسوفە کۆنتینێنتاڵە پەرەپێدەرەکان بە هزری پاش تازەگەریی Postmodern و هیچگەرایی هێرمێنۆتیکی Hermeneutical Nihilism، لەهەمان کاتدا داکۆکیکەریشە لە «هزری لاواز (Vattimo " Il pensiero debole,٢٠١٢)، ئەو هزرەی دژی هزری عەقڵگەرایی، هزری توند، هزری بەهێز و وشکە، کە ساڵانێك بیرمەندانی رۆژئاوا لەژێر کاریگەریی فەلسەفەی ئاوەزگەرایی بانگەشەیان بۆ کردووە. بۆیە ڤاتیمۆ لەو شوێنەی باسی نیچە ئەکات باس لە فەلسەفەیەک ئەکات کاری رەخنەگری

کولتوورییـە، ئەڵبەتـە هیچگەرایـی و رزگارییخوازیـی Emancipation یـش بەجۆرێـک لەیەکـتر ئەناڵێنێـت، کـە گوتـاری سیاسـیی سـەردەمی پـێ بخاتـە ژێرپرسـیاری فەلسـەفیی جیـاوازەوە (Vattimo,٢٠٠٧).

ڤاتیمـۆ لـە رییـزی بیرمەنـدە ئیتالیـەکان تاکـە کەسـە، کـە بەچڕیـی کاری لەسـەر بەرهەمـە فەلسـەفییەکانی نیچـە و هایدیگـەر کـردووە و، لـە راڤەکارییـە فەلسەفییەکانیشـیدا سـەبارەت بـە فەلسـەفەی نیچـە و هیچگەرایـی نیچـە، تێـزی نوێـی سـەبارەت بـە راسـتیی، بـاوەڕ، لێکدانـەوە، ئاییـن.... هێناوەتەکایـەوە. بـە واتایەکـی تـر، ڤاتیمـۆ ئـەو فەیلەسـووفە ئیتالییەیـە بـە تێـزە پاشـتازەگەریی و هیچگەراییـە وروژێنەرەکانـی، تایبـەت بـە هـزری فەلسـەفەی جیاوازیـی نیچـە و هایدیگـەر لـە وڵاتـی خـۆی و رۆژئـاوا نـاوی رۆشـتووە. ئەڵبەتـە ڤاتیمـۆ لـە بەشـێک لـە توێژینەوەکانیـدا لەبـارەی نیچـە و هیچگەراییەکـەی ئامانجـی نێوەندگیرییـە لـە نێـوان دوو خوێندنـەوەی هێرمێنۆتیکیـی دیـار بـۆ نیچـە. یەکەمیـان تێڕوانینـی ویلهێلـم دیلتـای Wilhelm Dilthey، کـە کارەکانـی نیچـە لەگـەڵ نەریتـی سـەدەی نـۆزدەی فەلسـەفەی ژیانـدا ئەگونجێـت. دووەمیـان بـاوەڕی هایدیگـەرە، کـە نیچـە بـە نوسـەری جووتێـک بیرۆکـەی ئۆنتۆلـۆژی، ویسـت بـۆ دەسـەڵات و گەڕانـەوەی هەمیشـەیی، ئەزانێـت. ئەمـەش وائـەکات ڤاتیمـۆ بەشـێوەیەکی قووڵـتر لـەم بیرۆکانـە بکۆڵێتـەوە تـا زۆرتـر لـە مانـای فەلسـەفەی نیچـە بـە گشـتیی بـگات (Vattimo,٢٠٠٢). ئـەم دوو جـۆرە خوێندنەوەیە(ئـەوەی دیلتـای و هایدیگـەر)، کـە ڤاتیمـۆ، لـە کتێبـی «دەروازەیـەک بـۆ نیچـە»، لەبـارەی نیچـەوە بەسـەری ئەکاتـەوە شـوێنێکی تایبەتیـان لـە هـزری فەلسـەفیی رۆژئـاوادا تایبـەت بـە فەلسـەفەی نیچـە هەیـە، کەوابـوو لەگـەڵ ئەوەشـدا ئەکرێـت بوترێـت ئـەو دەروازەیـەی ڤاتیمـۆ سـەبارەت بـە هـزری نیچـە ئەیخاتـەڕوو هایدگەرییـە و شـێوە خسـتنەڕوویەکی هێرمینۆتیکەرانـەی پاشتازەگەرانەشـە بـۆ هـزری نیچـە(Vattimo,١٩٩٨).

ڤاتیمـۆ بـۆ ئـەوەی لـە رێـگای هیچگەرایـی نیچەوە بناغە بـۆ دیـدی هیچگەرایی خۆی دانیـت، لـە لێکدانەوەکانیدا بـۆ ئاییـن و سیاسـەت و هونـەر خـۆی لـە بنەمـا بەهێزەکانـی مێتافیزیـك (ماهدێـت ، ئێپیسـتیم، بناغـە) و نیشـانەکانی (ئیدیـای بابەتگەرایـی، هەمیشـەیی، بەڵگـە) بـە دوور گرتـووە. هـۆی ئـەوەش. کـە ڤاتیمـۆ وێڵـی ئـەم جـۆرە شـەپۆڵەیە لـە بیرکردنـەوە (هـزری جیاوازیـی و پاشـتازەگەریی) ئەشـێت بـۆ ئـەوەی بگەڕێنینـەوە، کـە ئـەم بیرمەنـدە ئیتاڵییـە، ئەخوازێـت خـۆی لـە بنەمـا بەهێزەکانـی مێتافیزیـك و ئاماژەکانـی بپارێزێـت. بـۆ ئـەوەی ڤاتیمـۆ ئـەم جـۆرە تەوژمـە لـە بیرکردنـەوە راڤـە بـکات و هـزری فەلسـەفیی خـۆی بەیـان کات پۆلێـک نووسـینی فەلسـەفیی بڵاوئەکاتـەوە، لەوانـە: سـەرچڵی جیاوازیـی: مانـای چییـە بیرکردنـەوە پـاش نیچـە و هایدیگەر،لـە ١٩٨٠، هـزری لاواز، لـە ١٩٨٣، کۆتایـی تازەگەریـی، لـە ١٩٨٥، دەروازە بـۆ نیچـە، لـە١٩٨٥، کۆمەڵگـەی شـەفاف، لـە ١٩٨٩(Harris,٢٠٢١).

بەپێـی دیـدی هیچگەرایـی ڤاتیمـۆ هیچگەرایـی ئەوەیـە، کـە بەرچاوڕوونیـی نییـە، کـە ئێمـە بـەرەو کـوێ ئەڕۆیـن. ڤاتیمـۆ لەبـری ئـەوەی ئەمـە بـە روانگەیەکـی نەرێنـی ببینێـت، هیچگەرایـی وەک 'تاکـە دەرفـەت'ی ئێمـە بـۆ رزگاربـوون لـە توندوتیژیـی مێتافیزیـک ئەبینیـت( Ibid). لەبەرئـەوە ڤاتیمـۆ لێکۆڵینـەوە ئـەکات لـە کاریگەرییەکانـی هیچگەرایـی لەسـەر شارسـتانیی ئێسـتا، لەسـەر بەهـاکان و کولتـوور، رێـک ئـەوەی، کـە نیچـە پێشـتر باسـی ئەکـرد.( Pratt,٢٠٢١). ئـەم فەیلەسـووفە ئیتاڵییـە خـودی چەمکـی هەڵوەشـاندنەوەش لـە رێـگای هـزری هایدیگـەر و دێریـدا، لەسـەر شـێوازی هیچگەرایـی نیچـە، لەسـەر واتـای سیاسـەت، دەوڵـەت، نەتـەوە

و ئایین پیادە ئەکات و ئێدیۆلۆژیای زایۆنیزم بەوە تاوانبار ئەکات قوربانی ئەخاتەوە. بەکورتیی، ڤاتیمۆ لە رێگای ئەو دوا کارە فەلسەفییەیەوە ئەو سیاسەتە مێتافیزیکییە هەڵئەوەشێنێتەوە ئیسرائیل پراکتیزەی ئەکات(Vattimo, ٢٠١٤). ئەم شێوە هەڵوەشانەوە سیاسییەی ڤاتیمۆ فەلسەفییشە، چونکە هەوڵەکانی ڤاتیمۆ بۆ درووستکردنی رەوشتی پاشتازەگەریی پێوەندییەکی نزیکیان بە گەڕانەوەی بۆ ئایین لە کۆتایی هەشتاکانی سەدەی رابردووەوە هەیە. ئەم لایەنە بە جۆرێک لە جۆرەکان خاڵێکی بەرچاوە لە گەشەسەندنی روناکبیریی ڤاتیمۆدا. ئەمە بە ئارەزووی نزیکبوونەوەی فەلسەفە لە ئایین لێک ئەیاتەوە، هەروەک چۆن پێشتر فەلسەفە لە کۆمۆنیزم نزیک بووبووەوە ( Harris,٢٠٢١).

سەرەڕای ئەوە، ڤاتیمۆ لەمیانەی راڤەی هیچگەرایی نیچەوە بەوە ئەگات، کە بە دوورکەوتنەوە لە هەڵوەشانەوەگەریی دێریدا و هێرمێنۆتیکی ریکۆر و بنیاتنانی ئەزموونەکانی وەک سیاسەتمەدارێک، ئەپرسێت ئایا هێشتا ئەتوانرێت باس لە فەرمانی رەوشتیی ـMoral imperative و مافی تاک و ئازادی سیاسیی بکرێت؟ ڤاتیمۆ بە دانان بە هێزی «خودا مردووە»ی نیچە، بانگەشە بۆ فەلسەفەی «هزری لاواز» ئەکات و ئەوە نیشان ئەدات، کە چۆن بەها رەوشتییەکان ئەتوانن بوونیان هەبێت، بەبێ ئەوەی لەلایەن دەسەڵاتێکی دەرەکییەوە گەرەنتی بکرێت. لێکدانەوە سێکولارییەکانی ڤاتیمۆ جەخت لەسەر توخمە دژە مێتافیزیکییەکان ئەکاتەوە و فەلسەفەش ئەخاتە پێوەندییەوە لەگەڵ کولتووری پاشتازەگەریی دا(Zabala,٢٠٠٦).

بۆ زیاتر روونکردنەوەی ئەوەی لای سەرەوە وترا، ئاماژە بۆ ئەوەش ئەکەین، کە ڤاتیمۆ پێی وایە مێژووی مێتافیزیکی رۆژئاوایی مێژووی بنەما بەهێزەکانە، ئەو بنەما ئێپیستیمییانەی پێوەرە جێگیرەکانیان کرد بە بناغە بۆ هەڵسەنگاندن و بیرکردنەوە، بۆیە ڤاتیمۆ داوامان لێ ئەکات، کە فەلسەفە ببێت بە 'سەرچڵییەکانی جیاوازی'. ڤاتیمۆ لە رێگەی ئەم بانگەشانەوە هەوڵ ئەیات ئەو بۆچوونە دەرببڕێت، کە مرۆڤ نابێت ئامانجی ئەوە بێت، کە چارەسەری فەلسەفی جێگیر یان دڵنیا سەبارەت بە زانین بەرهەم بهێنێت. لەبری ئەوە مرۆڤ ئەبێت یاری بێ کۆتایی لێکدانەوەکانی بناغەی مۆدێرنیتە درەنگەکان Late modernity لە ئامێز بگرێت. ڤاتیمۆ بۆ پشتگیریکردن لەم بۆچوونانەی هەندێک لە کتێبە ناسراوەکانی خۆی نووسیوە، وەک «کۆتایی تازەگەریی» و «کۆمەڵگەی شەفاف»( Harris,٢٠٢١). گشت ئەم کۆششە تێۆریانەش هەوڵێکن لەلایەن ڤاتیمۆوە بۆهێنانەگۆی هیچگەرایی نیچە و رێگاکردنەوە لەبەردەم فەلسەفەی رۆژئاوا بۆ بیرکردنەوە. هاوکات دیدی هیچگەرایی ڤاتیمۆ لە کارەکانیدا ئەوەش یەکلا ئەکاتەوە، کە هیچگەرایی تەنیا مرۆڤ ناگرێتەوە، بەڵکو بوونیش ئەگرێتەوە. ئەمە و ڤاتیمۆ، کە «نکوولیی لە بوونی بنەمای ترانسندێنتالی ئاوەز، یان راستیی ئەکات، بەو مانایە نادێت ، کە بوونی راستیی وەك ئەوەی دروستکەری مێژووە بەپێی بۆچوونی هایدیگەر رەتئەکاتەوە(Vattimo,٢٠٠١٤).کەواتە بۆ نیچەی ڤاتیمۆ، تێپەراندنێکی سادە بەسەر هیچگەرایی بوونی نییە وەک هەڵسەنگاندنەوەی بەهاکان، کە لەسەر بناغە پارێزراوەکان وەستاون، بەڵکو ئەوەی تێپەراندن بەسەر هیچگەرایی دا مسۆگەر ئەکات، تێپەراندنی ئارەزووە بۆ تێپەراندنی خودی هیچگەرایی(Woodward,٢٠٠٢, ٦٣ ). ئەمە و بە بڕوای ڤاتیمۆ، تێپەراندنی هیچگەرایی لەلایەن نیچەوە، هاو بەرفراوانە لەگەڵ هیچگەرایی تەواو Complete nihilism ( Ibid).

بەپێی بۆچوونی ڤاتیمۆ بۆ ئەوەی وێنەیەک لەسەر هیچگەرایی درووست بکەین وا پێویست ئەکات

بگەڕێینـەوە بـۆ لای نیچـە. ئـەو وێنەیـەش بریتییـە لـە وێنـەی «هییچگەراییەکـی تـەواو». «هییچگەراییەکـی تـەواو» ئـەو هییچگەراییەیـە، کـە هییچگەرایـی تێیـدا ئەبێـت بـە چارەنـووس(Vattimo،١٩٨٨،٢٣-٥١). بـە پێـی هییچگەرایـی نیچـە ئەمـەش کاتێـک دێـت ە دی، کـە بەهـا و بـاوەڕە نەریتییـەکان بـێ بنەمـان و لەگـەڵ کاتـدا مانـا و کەڵکـی خۆیـان لەدەسـت ئەیـەن، ئەمـەش هەوڵێکـە بـۆ ڕەتکردنـەوەی راسـتییە بابەتییـەکان. بۆیـە ئەبینییـن زەردەشـتی نیچـە سـەرچاوەی تێگەیشـتنی فەلسـەفیی ڤاتیمۆیـە بـۆ شـیکارکردنی هییچگەرایـی و تێپەڕاندنـی مێتافیزیـک.

سـەبارەت بـە خوێندنـەوەی هییچگەراییانـەی ڤاتیمـۆ بـۆ نیچـە پێویسـتە هێـما بۆئـەوەش بکرێـت، کـە ڤاتیمـۆ ئەیەوێـت هـزری نیچـە وەك هزرێکـی یەکانگیـر تەماشـابکات، لـێ لەمـڕووەوە سـەرکەوتنێکی زۆر بەدەسـتناهێنێت، بۆیـە دوای خوێندنەوەکـەی هایدیگـەر بـۆ نیچـە ئەکەوێـت تـا بزانێـت چـۆن فەلسـەفەی نیچـە ئەگاتـە ئاکامێکـی ئۆنتۆلۆژیـی تایبـەت و چۆنیـش فەلسـەفە لای نیچـە وای لـێ دێـت  ببێـت بـە فەلسـەفەی ژیـان. واتـە ئـەوەی، کـە دیلتـای ئامـاژەی پـێ یـاوە.

## بەشی دووەم: چەمکی هزری لاوازی ڤاتیمۆ لە پێوەندیی بە هییچگەراییەوە

## باسی یەکەم: چەمکی هزری لاواز بەپێی ڤاتیمۆ

چەمکـی هـزری لاواز بەپێـی ڤاتیمـۆ بـەرەو تێگەیشـتنمان ئەبـات لـە هییچگەرایـی نیچـە. هـاوکات ئـەوەی ڤاتیمـۆ ئەیخاتـە سـەر تێگەیشـتنی فەلسـەفیی نیچـە بـۆ هییچگەرایـی بابەتـی هـزری لاواز pensiero debole / Weak thought ە، کـە لـە توێژینەوەکـەدا سـەرنجی دەخرێتەسـەر. ڤاتیمـۆ بەهـۆی چەمکـی هـزری لاوازەوە ناوەکـەی لـە ڕۆژئـاوا و ئیتاڵیـا نـاسرا. جگەلـە ڤاتیمـۆ دە  بیرمەنـد و روناکبیـری تـری ئیتاڵـی لـە سـاڵانی ١٩٦٠ کانـەوە کاریـان لەسـەر ئـەم چەمکـە کـردووە، کـە هەرهەمـوو پیکـەوە لـە سـاڵی ١٩٨٣ دا کارێکـی فەلسـەفییان بەنـاوی «هـزری لاواز»ەوە چاپکـردووە. هـزری لاواز فۆرمێکـە لـە بیرکردنـەوەی هییچگەرایـی و لەگەڵێـک ڕووەوەش ئـەم هـزرە قـەرزاری نیچەیـە، بەتایبـەت ڕەخنـەی نیچـە لـە مێتافیزیـك و بۆچوونـی نیچـە بـۆ بەهـای راسـتیی وەك یاریـی دەسـەڵات(Vattimo،١٩٨٨ ).

گـەر تەماشـای ڕەچەڵەکـی فەلسـەفیی هـزری لاواز بکەیـن، ئەبینییـن سـەرچاوە لـە هـزری بیرمەندگەلێکـی وەك: هایدیگـەر، سـارتەر، بنیامیـن Benjamin، فوکـۆ و ئادۆرنـۆوە هەڵدەگرێـت. هەروەهـا ئـەم هـزرە گـوزارە نـاکات لـە بوونـی قوتابخانەیەکـی فەلسـەفیی دیاریکـراو، بەڵکـو خـۆی وەك بزاڤێکـی فەلسـەفی و ئەدەبـی دەرئەخـات، کـە داکۆکـی لـە هـزری ناتونـد ئـەکات بەرامبـەر بـە هـزری سـەردەم، کـە هزرێکـی بەهێـز و نالاواز(تونـد) و عەقڵگـەرای تۆکمەیـە. لەبەرئـەوە هـزری لاواز هـەر لـە سـەرەتای سـەرهەڵدانییەوە کەوتـە پەسـەندکردنی تێڕوانینەکانـی شـەپۆلی فێمینیسـتی هەروەهـا داکۆکیکـردن لـە هونـەر، شـیعر، سـەما و موزیـک.

هـزری لاواز بـۆ کەسـێکی وەک ڤاتیمـۆ ناقایلبوونـە بـە وەڵامـە فەلسـەفییەکانی فەلسـەفەی ئەورووپایـی سـەدەی نۆزدەهـەم و بیسـتەم، کـە مارکسـیزم، هەڵوەشـانەوەگەریی، پاشـبنەماخوازی خسـتیانەروو. بۆیـە ڤاتیمـۆ لـە ڕێـگای هییچگەرایـی نیچـە و هێرمێنۆتیکـی هایدیگـەر و گەدامێـرەوە بـەدوای وەڵامیـردا ئەگەڕێـت. بەواتایەکیـتر، ئـەو دەمـەی ڤاتیمـۆ لـە ئیتاڵیـا پێشـنیاری ئـەم جـۆرە هزرەیکـرد، هزرێکـی تونـد و بەهێـز لـە فەلسـەفەی ڕۆژئـاوا دا

خـۆی نمایشـدەکرد، بەتایبـەت لە شـوێنێکی وەک فەرەنسا(دیالێکتیکی  هێگڵی، مارکسـیزم، دیاردەناسـی، فرۆیدیزم، بنەماخـوازی). هـزری لاواز جەخـت لەسـەر شـێوازێک ئەکاتـەوە بـۆ تێگەیشـتن لـە ڕۆڵـی فەلسـەفە، کـە لەسـەر بنەمـای زمـان و لێکدانـەوە Interpretation و جـۆرە تەقەلایەکـی فەلسـەفیی گوماناویـی دامـەزراوە، نـەک لەسـەر دڵنیاییـە مێتافیزیکـی و ئیپیسـتمۆلۆژییەکان، ئەڵبەتـە بەبـێ ئـەوەی بکەوێتـە نـاو ڕێژەگەراییـەوە(٢٠١٢,Vattimo). کەواتـە لـە دیـدی ڤاتیمـۆوە هـزری لاواز دوبـارە چاوخشـاندن نییـە بـە پراگماتیـزم(٢٠٠١,Vattimo).

وەکیـتر، هـزری لاواز لەسەردەسـتی ڤاتیمـۆ دەرگاکردنەوەیـە لـە هـزری پاشـتازەگەرییانەی نیچـە. لێـرەوە، لەمیانەی هــزری لاوازەوە ڤاتیمــۆ ئــەو وانــە فەلســەفییە ئەخاتــەروو، کــە کۆتایــی تازەگەریــی بــە واتــای ســەرهەڵدانی پــاش تازەگەرییــش دێــت . واتــە هەڵوەشــاندنەوەی ئــەو بنەمــا مێتافیزیکییانــەی بوونــە بناغــە بــۆ تازەگەریــی (٢٠١٢,Vattimo). ئەکرێـت ئـەوەش بوترێـت، کـە چەمکی هزری لاواز ماتریکسـێکە matrixبۆ تەواوی فەلسـەفەی ڤاتیمـۆ(Kobyliński ,٢٠١٦ ,٥٨) و شێوازێکیشـە لـە فەلسـەفەکردنی ڤاتیمـۆ لـە دونیـای پـاش تازەگەرییـدا، چونکە وەک هزرێکـی ناتوندوتیـز، فرەگـەر خـۆی نمایشـئەکات و خۆشـی ئـەکات بـە هاوەدەنگـی هـزری هیپچگەرایـی. بـۆ ڤاتیمـۆ هــزری لاواز کار بــۆ لاوازکردنــی گشــت ئــەو بیرکردنەوانــەش ئــەکات، کــە بینەقاقــای بیرکردنــەوەی فەلسـەفییان گرتـوە. بۆیـە گشـت ئـەو بوارانـەی فەلسـەفە (ڕەوشـت، جوانـکاری، سیاسـەت، ئاییـن) خـۆی لێئەدات لەسـەر دەسـتی ڤاتیمـۆ هـزری لاوازیـش خـۆی تێدەخزێنێـت. ئـەم جـۆرە هـزرە هەوڵێکیشـە بـۆ تێگەیشـتن و ڕێکخســتنەوەی شــوێنەواری مێــژووی بیرکردنــەوە بــە بەجۆرێــک، کــە لەگــەڵ بارودۆخــە پاشــتازەگەرییکاندا بگونجێـت و ئامانجیشـی دروسـکردنی ڕەوشـتیی لاوازە(٢٠٢١,Harris). لێـرەوە ئەکرێـت بوترێـت، کـە هیپچگەرایی گرنگـە بـۆ شـیکارکردنی هـزری لاواز.

## باسی دووەم: پێوەندیی هزری لاواز بە هیپچەگەراییەوە

هـزری لاواز و هیپچەگەرایـی لـە هـزری  ڤاتیمـۆ دا لـە پێوەندییەکـی فەلسـەفییدان. ئـەم پێوەندییـە لـە وتـاری فەلسـەفیی هاوچەرخـی ئیتاڵیـش دا ڕەنگیداوەتـەوە. لـەم بارەیـەوە نیچـە ڕەنگـە کاریگەرتریـن سـەرچاوەی ڤاتیمـۆ بێـت، ئەوەتـا «دۆزینـەوەی درۆ»، دۆزینـەوەی ئـەوەی کـە ‹بەهـا› گوماناویـەکان و پێکهاتـە مێتافیزیکییـەکان تەنهـا یـاری هێزەکانـن»(١٩٩٣,٩٣,Vattimo) ڕۆڵێکـی گرنـگ لـە هـزری لاوازی ڤاتیمـۆدا دەگێڕێـت(Kobyliński, ٢٠١٦ ,٥٨). بۆشـە ئەبینییـن توێژەرێکـی وەکAndrzej Kobyliński پێـی وایـە، کـە هـزری لاواز ئاماژەیـە بـۆ تیـۆری لاوازبوونـی بـوون لـە سـەردەمی کۆتایـی مێتافیزیکـدا، و پرسیارکردنیشـە لـە چەمکـی دێکارتیانـە بـۆ خـود. ئامـاژە بـۆ ئـەوەش ئـەکات، کـە هـزری لاواز بـە دڵنیاییـەوە زاراوەیەکـی دوانەییـە، پارادۆکسـی تێدایـە و لـە هەندێـک ڕووشـەوە تەنانـەت دژادێـت ی تێدایـە. ئەڵبەتـە هـزری لاواز جۆرێکیشـە لـە مێتافـۆر، کـە ئـەو قەناعەتە پیشـان ئەیـات، کـە بـۆ ئـەوەی جیهـان ئەزمـوون بکرێـت، نابێـت بـوون وەک ئامادەبوونێکـی تـەواو و هەمیشـەیی دەربب‌ڕدرێـت، بەڵکـو ئەبێـت وەک شـوێنەوارێک برەوێتـەوە (Ibid).

لەبەرئـەوەی مێتافیزیـک مێـژووی بوونـە، بـە تایبەتـی لـە لێکدانـەوەی ڤاتیمـۆدا(٢٠٠٩,١٥٢,Melancu)، بۆیـە فەلسـەفەی 'هـزری لاواز'ی ڤاتیمـۆ بریتییـە لـە کشـانەوە لـە مێتافیزیـک بـە دوورکەوتنـەوە لـە بناغـە نوێیـەکان(٢٠٢١,Harris). بـەم جـۆرە، هـزری لاواز پێویسـتی بـە وازهێنانـە لـە دڵنیاییـە بنەڕەتییەکانـی تازەگـەری،

کـە جەغتئەکاتـەوە لـە راسـتیی بابەتیـی، کـە عەقڵگەرایـی زەمینەسـازی بۆکـردووە(Kobyliński, ٢٠١٦, ٥٧)، ئەمـەش ئـەو جـۆرە هـزرە تونـد و فەلسـەفە عەقڵگەراییەیـە، کـە هـزری لاوازی ڤاتیمـۆ دژادێـت یئـەکات. لەبەرئـەوە ڤاتیمـۆ لـە رێـگای فەلسـەفەی هێرمێنۆتیکـەوە بـەردەوام رەخنـەی هەڵەکانـی تازەگەریـی ئـەکات و ئـەو بناغانـەش رەتئەکاتـەوە، کـە خۆیـان بـە بناغەگەلێکـی بـاڵا و جێگیـر دەزانـن بـۆ زانیـن. بۆیـە هـزری لاواز هەوڵێکە بەدەسـت ئـەم هزریارە ئیتالییـەوە بـۆ تێپەراندنـی مێتافیزیـک. لێرەوە ڤاتیمـۆ پرسـیارەکانی راسـتیی و بـوون بەجۆرێکـی تـر ئەخاتـەوە نـاو گفتوگـۆی فەلسـەفییەوە.

گرنگـە لێـرەدا ئامـاژە بـۆ ئـەوەش بکرێـت، کـە تیـۆری هـزری لاواز، کـە تیۆرییەکـی ڤاتیمۆیانەیـە، خـۆی وەک هیچگەراییەکـی هێرمێنۆتیکیـش بەیانئـەکات. ئـەم جـۆرە هیچگەراییـە بیرکردنەوەیەکـی ڤاتیمۆیانەیـە بـۆ گەیشـتن بـە راسـتیی، راسـتیی کۆمەڵگـەی پاشـتازەگەریی. بەپێـی ڤاتیمـۆ بـۆ ئـەوەی هێرمێنۆتیـک لەگـەڵ ڕەتکردنـەوەی مێتافیزیکـدا بگونجێـت، ئەبێـت وەک قایلکەرتریـن لێکدانـەوەی فەلسـەفی بـۆ دۆخێـک خـۆی بخاتـەڕوو (Vattimo,١٩٩٧, ١٠). بـۆ ئـەم مەبەسـتە ڤاتیمـۆ پێشـنیاری خوێندنەوەیـەک ئـەکات بـۆ هێرمێنۆتیـک، خوێندنەوەیـەک, کـە پاشـخانێکی هیچگەرایـی هەبێـت (Davey,٢٠١٥, ٦١).

ڤاتیمـۆ لـەو بارەیـەوە بـاس لـە هیچگەرایـی تەواویـش ئـەکات و دەشپرسـێت: کـێ هیچگەرایـی تەواوە؟بـۆ ڤاتیمـۆ هیچگەرایـی تـەواو ئـەو کەسـەیە درکـی بـەوە کـردووە هیچگەرایـی دوا چارەنووسـی خۆدێـت ی(Vattimo,١٩٨٨,٢٩-٣١)،تەنانـەت ڤاتیمـۆ لـە شـیکاریەکەیدا بـۆ ئـەم گوزارەیـە ئەوەشـمان بـۆ روونئەکاتەوە، کە ئێمـەی مـرۆڤ ئەمـرۆ هەنـگاو بـەرەو ئـەم جـۆرە لـە هیچگەراییـە دەنێیـن. هـزری لاوازیش لەگـەڵ ئـەم گوزارەیە خـۆی کۆکئـەکات و پێکـەوە وێنەیەکـمان لەسـەر مرۆڤـی سـەردەم بۆدەخەنـەروو. لەبەرئـەوەی، هیچگەرایـی نیچە گفتوگـۆ فەلسـەفییەکانی نیچـە لەسـەرێکەوە ئەباتـەوە نـاو گفتوگـۆی تازەگەریـی/ پاشـتازەگەریی و لەسـەرەکیترەوە دەیباتـەوە نـاو گفتوگـۆی هەڵوەشـاندنەوەی هیچگەرایـی لەژێـر کاریگەریـی هێرمێنۆتیـک، دوو بەشـی داهاتـووی توێژینەوەکەمـان تایبـەت دەبـن بـەم دوو لایەنـە.

## بەشی سێهەم: هیچگەرایی هێرمێنۆتیکی ڤاتیمۆ سەرچاوەیەکی نیچەیانەی هەیە

### باسی یەکەم: هیچگەرایی هێرمێنۆتیکی ڤاتیمۆ

توێژینـەوە لـە هیچگەرایـی نیچـە لـە هـزری فەلسـەفەیی ڤاتیمـۆ رووبـەرووی چەنـد تێزێکـمان ئەکاتـەوە یـەک لەوانـە هێرمێنۆتیکـە، یـان هیچگەرایـی هێرمێنۆتیکـی Hermeneutical Nihilismیـە. بـۆ ڤاتیمـۆ ئەمـە ئـەکات؟ ڤاتیمـۆ لـە رێـگای هیچگەرایـی هێرمێنۆتیکـەوە ڕەخنەیەکـی هێرمێنۆتیکانـە ئاراسـتەی مێتافیزیـک و تازەگەریـی ئـەکات. ئەوەتـا لـە کتێبـی «کۆتـای تازەگـەری» ئۆنتۆلۆژیایەکـی نـوێ، هیچگەراییەکـی بوناویـی Ontological Nihilism ئەخاتەگـەر (Сидоров, ٢٠١٧)و زەمینەسـازیش بـۆ جۆرێـک لـە بیرکردنـەوە ئـەکات، کە سـەرچاوە لـە دیـدی هیچگەرایـی نیچـەوە وەردەگرێـت.

بۆیـە ئەپرسـین: هیچگەرایـی هێرمێنۆتیکـی بـۆ ڤاتیمـۆ چیـی دەگەیێنێـت؟ هیچگەرایـی هێرمێنۆتیکـی ڤاتیمـۆ کار بـۆ دژادێـت ی گەڕانـەوە بـۆ تازەگەریـی ئـەکات(Arrien,١٩٩٧, ٢٣٣). ئەمـەش لای ڤاتیمـۆ دەرگا لـە لێکدانـەوە Interpretation ئەکاتـەوە، لـە جۆرێـک لـە بیرکردنـەوەی هیچگەرایـی فەلسـەفیی. ئەمـە شـێوە گەرانێکیشـە

بەدوای ئەگەرە نوێیەکانی مانا(Vattimo,١٩٨٨,٦٠-٦٣)، مانایەک نیچە ناواخنی دیاریکردوە و ڤاتیمۆش فەلسەفەی بەسەرەوە ئەکات. هاوکات ڤاتیمۆ هیچگەرایی تەنیا لە هەڵوەشاندنەوەی بەهاکان، دارمانی بیروباوەڕەکان، مەحاڵبوونی راستیی و هتد، کورتناکاتەوە(Arrien,١٩٩٧, ٢٣٣) و ناشبێت هیچگەرایی هێرمێنۆتیکی ڤاتیمۆ، کە خوێندنەوەی بۆ هیچگەرایی نیچە هەیە، لە فرەییی لێکدانەوەکان بەدوور بگیرێت. خودی ڤاتیمۆش لەو باوەڕەدایە، کە لە کۆمەڵگا پێشکەوتووەکاندا 'فرەییی لێکدانەوەکان' بوونی هەیە. ئەمە مانای ئەوەیە، کە ئیتر بوار لەبەردەم تاکبینی دا نەماوە و بینینی جیهان بە یەک جۆر تەماشاناکرێت(Harris,٢٠٢١).

سەرباری ئەوە، هیچگەرایی هێرمێنۆتیکی لە فەلسەفەی ڤاتیمۆ لە کتێبی «لەودیو لێکدانەوەوە: واتای هێرمێنۆتیك بۆ فەلسەفە»»(Vattimo,١٩٩٧) بە روونی بناغەی بۆدانراوە و ڤاتیمۆش لە رێگای ئەم کارە فەلسەفییەیەوە و لە روانگەیەکی هێرمێنۆتیکەرانەی پاشتازەگەرانەی هیچگەراوە جەوهەری لێکدانەوە Interpretation ئەخاتەروو. لەوێدا ڤاتیمۆ بەئاشکرا رووبەرووی بیرۆکە سەرەکییەکانی تازەگەریی، مێتافیزیک، هیچگەرایی ئەبێت بەوە تا لە رێگای ئەو رووبەرووبوونانەوە بە دەرئەنجامە فەلسەفییە هێرمێنۆتیکییەکان بگات(Arrien,١٩٩٧, ٢٣٣) .

گرنگە ئاماژە بەوەش بکەین، کە مەبەستی ڤاتیمۆ لە وشەی «لەودیو»، کە داودێت ە پال کتێبەکەی ئەمەیە : مەبەستم لە "لەودیو" ئەو راستییەیە، کە بە ڕوونی لە خۆم بپرسم، "هێرمێنۆتیک چ جۆرە فەلسەفەیەکە؟" چونکە ناشێت هێرمێنۆتیک وەسفێکی میتافیزیکی بێت بۆ کاراکتەری هێرمێنۆتیک یان جەوهەری هەموو زانینێک، چونکە ئەم زانینە لە جەوهەری هێرمێنۆتیکی زانین دا خۆی ئەبێت بە لێکدانەوە(Vattimo,٢٠٠١). ئەمە وامانلێئەکات بگەرێینەوە بۆ لایەنێکی تر، ئەوەش ئەوەیە، کە تیۆری لێکدانەوە لای ڤاتیمۆ خۆی وەک هێرمێنۆتیکی فەلسەفیی پیشان ئەیات، کە ناوی هزری لاواز و ئۆنتۆلۆژیای هەنووکەیی Ontology of actuality و، لەم دواییانەشدا، "کۆمۆنیزمی هێرمێنۆتیکHermeneutic communism"ی لەخۆگرت(Valgenti,٢٠١٦)، تەنانەت ڤاتیمۆ ئەوەشمان بیرئەخاتەوە، کە هێرمێنۆتیک وەک فەلسەفەی لێکدانەوە، نەک وەک لقی دیسپلینێکی تر، بووە بە ماڵی فەلسەفەی کۆتایی تازەگەریی(Vattimo,١٩٨٨).

گرنگە ئەوەیش دەستنیشان بکەین، کە تێگەیشتنی هێرمێنۆتیکەرانەی ڤاتیمۆ سەرچاوە لە فەلسەفەی هێرمێنۆتیکی ئەڵمانییەوە هەڵدەگرێت. ئەم فەلسەفەیەش لە شلایرماخر Schleiermacher و دیلتایDilthey ەوە دەستپێئەکات تائەگاتە فەیلەسووفانی چاخی نوێ وەك: هایدیگەر، گەدامێر Gadamer، ڕیکۆر Ricœur، ئاپل، لێڤیناس، دێریدا، هابرماز و ڕۆرتی. ئەمەش ئەوەمان پێدەڵێت، کە هزری هێرمێنۆتیکی ڤاتیمۆ لەژێر کاریگەریی ئاڕاستە نوێکانی فەلسەفەی هێرمێنۆتیك دایە، بەتایبەت ئەو بەشەی کاریگەریی هزری نیچە و پاشتازەگەریی بەسەرەوەیە. ئەڵبەتە ڤاتیمۆ لەڕێگای فەلسەفەی هێرمێنۆتیکەوە فەلسەفەی ئیتاڵی نوێی تێهەڵکێشی هزری فەلسەفیی نیچە و هایدیگەر کردووە. بەمە ڤاتیمۆ، لەلایەک پرسیاری نوێ سەبارەت بە فەلسەفە دەهێنێتەکایەوە، لەلایەکی تر هێرمێنۆتیك بریتیئەکات لە زمانی فەلسەفیی و کولتووری هاوبەشی سەردەمی پاشتازەگەریی. هەر لەگەڵ ئەم ناوە ناوی وەك پاش مێژوو Posthistory و پاشی بنەماخوازی Post-structuralism ش دێنەگۆکردن، لێ ڤاتیمۆ پێشنیاری ئەوە ناکات، کە هێرمێنۆتیک گونجاوترین وەسفە بۆ ئەوەی کە ڕوویئەدات، بەڵکو تەنیا وەک ماقووڵترین وەسف دەیبینێت( Valgenti,٢٠١٦).

سەرەڕای ئەوە، هێرمێنۆتیك بریتیە لە زمانێکی هاوبەشی نوێی فەلسەفیی، پێشتر ئەم زمانە لە ساڵانی ١٩٥٠ و ١٩٦٠ کاندا بریتیبووە لە مارکسیزم و دواتریش لە ١٩٧٠ کاندا بووە بە بنەماخوازی Structuralism. گومانیش

لـەوە ناکرێـت، کـە بڵاوبوونـەوەی هێرمێنۆتیـك پێوەندیـی بـەوەوە بـووە، کـە بنەماخـوازی نەیتوانـی وەڵامـی گەلێـك لـە پرسـیارەکان بداتـەوە. ئەمەیـش بـەو واتایـە دێـت ، کـە هێرمێنۆتیـك جێگـرەوەی بنەماخوازییـە. بـەم پێیـە تیـۆری هاوچـەرخ هێرمێنۆتیکییـە و ئەوەیـش، کـە پاشـتازەگەرەکان بـە فـرە کولتـوور Multicultural نـاوی ئەبـەن ڤاتیمـۆ بـە بابەتێکـی هێرمێنۆتیکـی ئەزانێـت (١٩٩٧,Vattimo). وەکـی تریـش، ڤاتیمـۆ جگەلـەوەی پێـی وایـە فۆرمێکـی دیاریکـراوی هیچگەرایـی نوێنەرادێـت ی داهاتـووی دادپـەروەری کۆمەڵادێـت یـی و سیاسـیی و ئابووریـمان ئـەکات (٢٠١٦,Valgenti) ئەبینییــن، کــە هێرمێنۆتیــك، وەك بوارێــك لــە زانینێکــی بەربڵاویــش ئەخاتــەڕوو و بەهۆشــیەوە قسـە لـە زۆر دیـاردە ئـەکات وەك: هێرمێنۆتیـك و هیچگەرایـی، هێرمێنۆتیـك و دێموکراسـی، هێرمێنۆتیـك و ئێتیـك، هێرمێنۆتیــك و ئایــن، هێرمێنۆتیــك و هونــەر، هێرمێنۆتیــك و زانســت (١٩٩٧,Vattimo). ڤاتیمــۆ بەخۆشــی لــە پێشـەکیی کتێبـی لەودیـو لێکدانـەوەدا ئامـاژە بـۆ ئـەوە ئـەکات، کـە هێرمێنۆتیـک بووەتـە جۆرێـک لـە هەڵوێسـتی گشــتیی(٢٠٠١,Vattimo).

پێویسـتە ئـەو لایەنـەش لەبەرچاوبگرین،کاتێك ڤاتیمۆ هیچگەرایـی لە هێرمێنۆتیکی پاشـتازەگەرییدا بەرجەسـتەئەکات، ئەمـە بـۆ ئەوەیـە تـا پرۆژەیەکـی ئازادیـی کۆمەڵادێـت یـی لـە فۆڕمـی لاوازکردنـی بنەمـا و جێگیـرەکان شـیاوبکات. لـە ژێـر لێـوی ڤاتیمـۆوە ئـەوەش دەردێنیـن، کـە لـە سـەردەمی ئەمـڕۆدا، کـە سـەردەمی لاوازکردنـە، هێرمێنۆتیـك وەك زمانـی هاوبەشـی کولتـووری، وەك هـزری لاواز، بـۆ هەڵوەشـانەوە دێـت ەپێشـەوە. لێـرەدا مەبەسـت لـەو زمانـە ئـەو زمانـە هاوبەشـەیە لەنـاو کولتـووری پاشـتازەگەریدا بایەخـی خـۆی هەیـە. گومانیشـی ناوێـت بـە بـاوەڕی هەندێـك لـە ڕوناکبیرانـی رۆژئـاوا ڤاتیمـۆ هەوڵـی دووبـارە بنیاتنانـەوەی ئاوەزگەرایـی ئـەدات.

سـەرلەنوێ بنیاتنانەوەیـەی ئاوەزگەرایـی خـۆی وەك لێکدانـەوەی گێڕانـەوەی مێژوویـی دەرئەخـات. ئەمەیـش بـەو واتایـە دێـت ، کـە ئاوەزگەرایـی راسـتییەکان بـە ڕێگایەکـی لاواز پیائـەکات، نـەك بەڕێگایەکـی تونـد(١٩٩٧,Vattimo)، بـەڵام ڤاتیمـۆ پێشـیوایە، کـە هێرمێنۆتیـک چەمکـی تایبەتـی ئێمەیـە لەمـەر ئاوەزگەرایـی بـێ کەوتنـەوە نـاو نەریتـی مێتافیزیکییـەوە(٢٠١٩,Vattimo, xxvi). ئەمـە و هەڵوەشـاندنەوەی ئاوەزگەرایـی تەکنیکیـی لـە هەمـوو بوارەکانـی بەهـادا (کولتووریـی، فەلسـەفی، سیاسـیی و کۆمەڵادێـت یـی) (١٩٨٨,٤٣,Vattimo-٤٤) کارێکـی ڤاتیمۆیانەیـە و لـە پـرۆژە فەلسـەفییە دژە تازەگەرییەکەیـدا شـوێنی دیـارە.

ئـەوەش روونـە، کـە بـۆ زۆرێـک لـە توێـژەران هێرمێنۆتیـك زۆرجـار وەك تیۆرییـەك لەمـەڕ راسـتییی، زانیـن و کارەکتێری مێژوویـی تەماشـا ئەکرێـت، نـەك وەك راسـتییەکی مێژوویـی. بۆیـە ڤاتیمـۆ گومـان لـەوە ئـەکات، کـە راسـتییەکی بێلایـەن بوونـی هەبێـت و پێـی وایـە راسـتییەکان لـە پێوەندییـدان بـە کـەس و کاتەکانـەوە(١٩٩٧,Vattimo). ڤاتیمـۆ وەک بەشـێک لـە توێـژەران لـە بـواری تیـۆری لێکدانـەوە کار لەسـەر ئـەو تێگەیشـتنە نیچەییانەیـەش ئـەکات، کـە هیـچ راسـتییەک بوونـی نییـە، ئـەوەی بوونـی هەیـە تەنیـا لێکدانەوەکانـن( ٢٠١٦,Valgenti)، ئەمـە و ڤاتیمـۆ لـەو باوەڕەدایـە، کـە ناشـێت هێرمێنۆتیـك بکرێـت بـە تیۆریـەک لەمـەڕ دیالـۆگ، چونکـە هێرمێنۆتیـك لەخـودی خۆیـدا دیالۆگـە. هێرمێنۆتیـك بەپێـی بینینـی فەلسـەفیی ڤاتیمـۆ، کـە بینینێکـی نیچەییانەیـە، ئامانـج نییـە، بۆیـە بـۆ ڤاتیمـۆ کاراکتێریسـەکردنی هێرمێنۆتیـك لـە ڕووی فەلسـەفیی و مێژوویـی و ئۆنتۆلۆژییـەوە گرنگـە. لـە هەمـان کاتـدا ڤاتیمـۆ بـۆ چارەسـەرکردنی کێشـە فەلسـەفییەکان ئەگەڕێتـەوە سـەر هێرمێنۆتیـك و بـۆ ئـەو مەبەسـتەش سـێ بیرمەنـد( نیچـە و هایدیگـەر و گادامێـر) ئـەکات بـە سـەرچاوەی هـزری خـۆی و لەژێرکاریگەریـی ئـەم بیرمەندانـەش ڕەوادێـت ی بـە لێکدانەوەکانـی خـۆی ئـەدات و ئـەو جـۆرە هێرمێنۆتیکـەش بەرهەمدەهێنێـت، کـە خـۆی وەك هیچگەراییەکـی ڕادیـکال نیشـان ئـەدات (١٩٩٧,Vattimo).

گرنگە ئەوەش بزانین، کە کەی ڤاتیمۆ پێویستی بە هێرمێنۆتیکی نیچەیە؟ ڤاتیمۆ بۆ ئەوەی وێنەیەکمان لەسەر فەلسەفەیەکی هێرمێنۆتیکی پاشتازەگەریی پێشکەش بکات، فەلسەفەی نیچە وەك سەرچاوەی ئەو جۆرە فەلسەفەیە نیشان ئەدات، ئەو نەریتە مێتافیزیکیەش پێشچاوەدەخات لە فەلسەفەی رۆژئاوا ڕیشەی داکوتیووە. ئەڵبەتە بۆ ڤاتیمۆ هەمیشە ئاسانە قسەکردن لە نیچەیەکی هییچگەرا لەچاو هایدیگەرێکی هییچگەرا(Vattimo,٢٠٠٦). وەکو تریش، هییچگەرایی و هێرمێنۆتیك لە فەلسەفەی ڤاتیمۆدا بەجۆرێك پێکەوە کاردەکەن، کە خۆیان بە بەشێك لە کولتووری پاشتازەگەریی نیشانئەیەن.
شایانی باسە، ڤاتیمۆ، کە باس لە هییچگەرایی هێرمێنۆتیکیی ئەکات لە دەرگای لۆژیکی هییچگەرایی ئەدات، کە ئەوەیش لە ڕیشەدا هێرمێنۆتیکێکی نیچەییانەیە. بەوە هییچگەرایی لەناو ئەو لۆژیکە خۆی وەك مێژووی بوون نیشان ئەدات. بەپێی ئەم جۆرە هێرمێنۆتیکە شتێك نییە بەناوی فاکتەوە، بەڵکو ئەوەی هەیە لێکدانەوەیە و بەس. ئەو جۆرە هێرمێنۆتیکایەی، بەباوەڕی ڤاتیمۆ، لەئێستادا کاریگەرە هێرمێنۆتیکاییەکی فەلسەفییە، کە ئەوەیش لە بنەڕەتدا هییچگەراییە، چونکە نیچەییانەیە. سەبارەت بەم لایەنە ئەوەش دەڵێین، کە ڤاتیمۆ لە ڕێگەی خستنەڕووی بۆچوونە بنەڕەتییەکانی نیچە بەوەش دەگات، کە فەلسەفەی نیچە تەنیا بریتیی نییە لەو دارمانەی، کە بەناوی هییچگەراییەوە دەدیدەنە پاڵ نیچە، یان ئەو ئەنجامە ئۆنتۆلۆژییە مێتافیزیکییە گەورەیەی، کە هایدیگەر لە توێژینەوە مەزنەکەی لەسەر نیچە لە مێشکیدا بوو(Vattimo,٢٠٠٢).
سەرەڕای ئەوە، لەبەرئەوەی هێرمێنۆتیك، بەبۆچوونی ڤاتیمۆ، خواستێکی هییچگەرایی هەیە بۆیە ئەم هزریارە ئیتاڵییە پێیباشە کار بۆ دووبارەبیرکردنەوە لە پێوەندیی نێوان هێرمێنۆتیك و هییچگەرا دا بکرێت. ئەمەیش وائەکات ڤاتیمۆ لە نوسینە فەلسەفییەکانیدا کارێکی فەلسەفیی وورد لەسەر سەرلەنوێ بنیاتنانەوەی ئاوەزگەرایی، راستییی هێرمێنۆتیك بکات. ڤاتیمۆ هییچ کات گومان لەوە ناکات، کە هێرمێنۆتیك کاریگەریی لەسەر فەلسەفەی هاوچەرخ و هزری کۆمەڵادێت یی نەبێت. بۆیە ڤاتیمۆ لەسەر قسەی نیچە جەخت لەوە ئەکاتەوە، کە ئەوەی هەیە لە چاخی نوێدا لێکدانەوەیە نەك بەڵگە، لێ بەپێیی ڤاتیمۆ راستیی هێرمێنۆتیك وەک تیۆرێکی فەلسەفی بەستراوەتەوە بە فەلسەفەیەکی هییچگەرایی مێژوویییەوە(Vattimo,٢٠٠١). ئەڵبەتە ڤاتیمۆ گومانیش لەوەدا ناکات، کە، هییچگەرایی لێکدانەوەی مێژوویەکی دیاریکراو بەدوای خۆیدا دەهێنێت، کە رۆژئاوا و لە ئەنجامدا باقی جیهان بەردەوامە لە بەرگەگرتنی( Valgenti,٢٠١٦).
ئاماژە بۆئەوەش دەکەین، کە ڤاتیمۆ لە نوسینەکانیدا گەشە بە لێکدانەوەییەکی نوێی هێرمێنۆتیك ئەدات، ئەو شێوە لێکدانەوەیەش ڤاتیمۆ پێشنیاری ئەکات ڕادیکالییە و جیاوازییش لەنێوان هێرمێنۆتیك و هۆمانیزمی مێتافیزیکی و هەڵوێستی نەریتی زانستە مرۆی و سروشتییەکان ئەکات، دەرگاش لە دیدی نوێ لەبارەی ئێتیك، هونەر و ئاین ئەکاتەوە. ئەمەیش ئاقارێکی تر بە پرسیاری فەلسەفیی ئەدات و بەشێوازێکی نوێ مامەڵە لەتەك واتادا ئەکرێت و فەلسەفەش لەژێر کاریگەریی شیکارییە هزرییەکانی فەلسەفەی هێرمێنۆتیك دا توانی بەوە بگات، کە پێشتر پێینەگەیشتبوو.

## باسی دووەم: هییچگەرایی و هێرمینۆتیك لەناو کەلتووری پاشتازەگەریدا

پاشتازەگەریی دیاردەیەکی فەلسەفیی رۆژئاواییە، کە گەلێک بیریار و رووناکبیری، لێرە و لەوێ لە جیهاندا، لەخۆ کۆکردۆتەوە. جا ئەگەر تەماشای نەخشەی فەلسەفیی هزری پاشتازەگەرییش بکەین ئەبینیین ئیتاڵیا لە رۆژئاوا و لەناو ئیتاڵیاش ڤاتیمۆ بایەخ پێدەرێکی وورد بووە بە هییچگەرایی و هێرمینۆتیك

لەناو کەلتووری پاشتازەگەریدا. ئەڵبەتە تێکڕای ئەوانەی ڤاتیمۆ لە نوسینەکانیدا لێکیئەداتەوە وابەستەیە بە دیدێکی هێرمینۆتێکەرانەی پاشتازەگەریی شێوە هییچگەراییەوە، کە ئەمەش تاڕادەیەکی زۆر ئەوکاتە، لە سەرەتای ساڵانی ١٩٨٠ کاندا، ئاقارێکی نوێی فەلسەفیی بووە لە ئیتاڵیادا. کەوابێت، هەر لەسەرەتاوە هییچگەرایی و پاشتازەگەریی لە تێزە فەلسەفییە سەرەکییەکانی ڤاتیمۆ بوونە و لەم رووەشەوە دەتوانین ئاماژە بەوە بکەین، کە ڤاتیمۆ پێوەندیی نێوان هییچگەرایی و پاشتازەگەریی وەک بیرۆکەیەکی تێۆریی فەلسەفیی لە کارێکیدا بەناوی»کۆتایی تازەگەریی: هییچگەرایی و هێرمێنۆتیك لە کولتووری پاشتازەگەرییدا» خستووەتەروو(١٩٨٨,Vattimo).

ئەو بایەخەی ڤاتیمۆ لەناو کولتووری پاشتازەگەرییدا دەیدات بە هزری هییچگەرایی و هێرمینۆتیك بە روونی لەو کارەیدا بەدیئەکرێت و لەوێدا تایبەت بە تازەگەریی(کۆتایی تازەگەریی) بەردەوام ئەگەڕێتەوە سەر دیدە فەلسەفییەکانی نیچە و لەڕێگای ئەوەوە هزری ئەورووپای شیتەڵئەکات و کەموکوڕیەکانیش ئەخاتەڕوو. ڤاتیمۆ لەو کارەیدا ئەو جۆرە تێکستە فەلسەفیی و ئەدەبیانەش شیئەکاتەوە لە سەدەی بیستدا سەرچاوە بوونە بۆ قسەکردن لەسەر کۆتایی سەدەی تازەگەریی و بابەتی پاش تازەگەریی. هاوکات ڤاتیمۆ ئەوەی لە ڕووی فەلسەفییەوە لەو پرۆسێسەی نیچە تایبەت بە رەچەلەکی تازەگەریی کاری لەسەر کردووە ئەو تێپەڕاندنە گرنگە بووە، کە لە ڕەخنەکردنی هزری رۆژئاوا باوەڕی پێبووە(Ibid). ڤاتیمۆ لە میانەی هزری هییچگەرایی نیچەوە هزری دوو سەدەی پێش دەرکەوتنی نیچە دەخوێنێتەوە، ئەوەش گفتوگۆئەکات، کە چۆن هزر نابێت ئامائەبێت بۆ بنەما جێگیرەکانی بوون بگەڕێتەوە و لەوێشەوە بناغە بۆ بیرە یەقینداراوەکان دانێت. بۆیە لای ڤاتیمۆ پرسیاری پاشتازەگەریی، پرسیاری هێرمێنۆتیکە(١٩٩٧,Arrien, ٢٣٥).

پرسیاری هێرمێنۆتیک وا لە ڤاتیمۆ ئەکات هییچگەرایی نیچە بە باسەکانی تازەگەریی و پاشتازەگەرییەوە گرێداتەوە و فەلسەفەی ڤاتیمۆش کارکردن لەسەر ڕاڤەکردنی کۆتایی تازەگەریی بکاتە بناغە بۆ کۆتاییهێنان بە گوتارێك، کە رۆژئاوا بەرهەمیهێنابوو. خودی کۆتایهێنانیش لەم فەلسەفەیە بوو بە دۆزێك لە بیرکردنەوە، کە فەلسەفەیەك لە پشتییەوە بوو. بەهۆکاری ئەوەی، کە گوتاری تازەگەیی گوتارێکی رۆژئاواییە و چەندین واتای سیاسیی، یاسایی، کۆمەڵادێت یی و ئابووریی(پێشکەوتن، دادپەروەریی، ئازادیی، مافی مرۆڤ و....) لەهەناودایە. ئەمە وائەکات، ڤاتیمۆ لە فەلسەفەکەیدا شیکاری کولتوری پاشتازەگەریی وەک هاوتەرییبیەک لە نێوان قەیرانی مرۆڤدۆستی و بیرۆکەی مردنی هونەر بەرباس بخات (١٩٨٨,٥١,Vattimo-٦٥) و قەیرانی مرۆڤدۆستیش بکاتە بناغە بۆ گفتوگۆی هییچگەرایی وەک چارەنووس(٣٢,Ibid)

لەمیانەی ئەم بیرۆکەیەشەوە ئەبینیین ڤاتیمۆ لە فەلسەفەکەیدا، لە کۆتای ساڵانی ١٩٧٠ کاندا هییچگەرایی نیچە و ئۆنتۆلۆژی هایدیگەر و هێرمێنۆتیکای گەدامێر لە کولتووری پاشتازەگەرییدا دا گفتوگۆ ئەکات و بەشێک لە گوتنەکانیشی بۆ بابەتی تازەگەریی و کۆتایی مێژوو تەرخانئەکات. بەپێی تێگەیشتنی هییچگەراییانەی ڤاتیمۆ مرۆڤی پاشتازەگەر، کە لە گەڕانە بەدوای خودا، هیچ ناوەند و بناغەیەکی دیاریکراو نادۆزێتەوە. بەم شێوەیە، ڤاتیمۆ چەمکی هییچگەرایی وەک دەربڕینی ئەو جێگۆڕکێیەی مرۆڤەکان لە سەردەمی پاشتازەگەریدا هەستی پێئەکەن، ئەبینێت(٢٠٢١,Harris). کەوابێت، لایەنێک، کە گرنگە سەرنجی بخرێتەسەر لە توێژینەوەی هییچگەرایی بەپێی نیچە لە فەلسەفەی ڤاتیمۆ، بوونی هییچگەڕاییە لە کولتووری پاشتازەگەریدا. گومانیشناوێت، ڤاتیمۆ لەبری ئەوەی لە روانگەیەکی ڕێژەیییەوە لە کۆتایی میتافیزیک نزیک بێتەوە، یان پاشەکشە بکات بۆ ناو ئێپیستێمۆلۆژیایەکی ناوخۆیی، لە رێگەی هییچگەرایی بووناوی Ontological Nihilism یەوە سەیری ئەزموونی پاشتازەگەریی ئەکات(Ibid).

سـەرەڕای ئـەوەی گوتـرا، کۆتایـی تازەگەریـی پـردی تێپەڕبوونـی خەونـی دژە تازەگەریـی نیچەیـە بـەرەو هایدیگـەر. لەبەرئـەوەی ئـەو پـڕۆژە هیچگەراییـەی نیچـە دەسـتیدایە لەسـەر دەسـتی هایدیگـەر تەواوکـرا، کـە ئـەوە خـودی کۆتایـی مێتافیزیکیـش ئەگرێتـەوە. واتـە هیچگەرایـی نیچـە لەگـەڵ ئەنتـی مێتافیزیکـی هایدیگـەر ئیشـی خۆیـان لەنـاو هـزری رۆژئـاوادا کـرد و مۆدێلـی بیرکردنـەوەی فەلسـەفەی جیاوازییـان خوڵقانـد. بۆیـە ڤاتیمـۆ لـە کتێبـی «کۆتایـی تازەگەریـی: هیچگەرایـی و هێرمێنۆتیـك لـە کولتـووری پاشـتازەگەرییدا» سـەرەتای دەرکەوتنـی پاشـتازەگەریی بـۆ کارەکانـی نیچـە دەگەڕێنێتـەوە (Vattimo,1988,23-51). گومانـی ناوێت.کـە نیچـە تیۆریزەکەرێکـی سـەرەکی هیچگەراییـە لـە تازەگەرییـدا، هەروەهـا یەکێکـە لـە دەروازە سـەرەکییەکانی تیـۆری پاشـتازەگەریی لـە نەریتـی فەلسـەفیدا. کەواتـە ئەمـە بـەو مانایەیـە، کـە بیرکردنـەوەی نیچـە توخمـە گەورەکانـی ئـەو شـتانە لەخۆدەگرێـت. کـە ڕەنگـە پێـی بڵێیـن «پاشـتازەگەریی»( Woodward 2002,53).

شـایانی باسـە، تازەگەریـی ئامانجـی جۆراوجـۆری بـۆ خـۆی بنیـات نـاوە. زۆرێکیـان رەواییـن، زۆرێکیشـیان پاسـاویان نییـە. تازەگەریـی بـەدوای کۆتایـی و سـەرەتای نوێـدا ئەگەڕێـت. کۆتاییەکانـی تازەگەریـی ئەتوانرێـت لـە یەکـتر جیـا بکرێنـەوە. پاشـتازەگەریی شـوێنی جیاوازییـەکان ئەخاتـە ڕوو، کـە تایبەتمەنـدی خۆیـان هەیـە، چونکـە کارکـردن لـە شـوێنەکانی  جیاوازیـدا ئەوەیـە، کـە لـە جیاوازیـدا ئەبێـت هەبـن Silverman,2001)). بـەڵام ڤاتیمـۆ جیـاواز لـە پاشـتازەگەرە فەرەنسـییەکان پێـی وایە،›ڕێککەوتنێکـی گشـتیی هەیـە سـەبارەت بـە چەمکـی پاشـتازەگەریی. ئەگـەر ئـەم چەمکـە بەشـێوەیەک لـە شـێوەکان مانـای هەبێـت، ئـەوا ئەبێـت لـەڕووی کۆتایـی مێـژووەوە بەرباسـبخرێت (Vattimo,1986,22).

بـەڵام ئـەوەش پێویسـتە بوترێـت، کـە ئەزموونـی پاشـتازەگەریی بـۆ ڤاتیمـۆ، کـە هاوکاتـە لەگـەڵ هیچگەرایـی، لەبەرئەوەیـە، کـە تازەگەریـی مێـژوو بـە پێشـکەوتنێکی لۆژیکییـەوە ئەبینێـت(Harris,2021). وەکیـتر، ڤاتیمـۆ لـە توێژینەوەکەیـدا تایبـەت بـە «کۆتـای تازەگەریـی» داوامـان لـێ ئـەکات بەورياییـەوە مامەڵـە لەتـەك واتـای تازەگەریـی ئـەو سـەردەمە مێژووییـە بکەیـن، کـە لـە پشـت خـودی واتـای تازەگەرییـەوە بـووە. تەنانـەت پێـی وایە ئەزموونـی پـاش تازەگەریـی بـە واتـای کۆتایـی مێـژووش دێـت . سـەبارەت بـەم لایەنـە ڤاتیمـۆ لـەو باوەڕەشـدایە نیچـە بناغـەی بـۆ هەلومەرجـی نوێی نامێژوویـی، یـان بەواتایەکـی تـر ئەودیـو مێژوویـی دانـا. بـەس خـودی ئـەم لایەنـە دەمانباتـەوە نـاو تێمای هیچگەراییـەوە. بـۆ؟ لەبەرئـەوەی هیچگەرایـی لای ڤاتیمـۆ کێشـەیەکە پێوەندیـی بـە زانسـتیی مێـژووەوە هەیـە. بـە هەمـان شـێوە لـە کاتێکـدا ڕەنگـە پاشـتازەگەریی لـە ڕووی مێژووییـەوە وەک جـۆرە تیۆرییـەک ببینرێـت، کـە تایبەتمەنـدی خـۆی هەیـە، زۆرجاریـش «لـە ڕووی مێژووییـەوە» بیـری لێئەکرێتەوە، کـە وەک وەڵامدانـەوەی دۆخـی ئێسـتای کۆمەڵگاکانـی تێکنەلۆژیـا ببینرێـت، کـە پێـی دەوترێـت «پاشـتازەگەریی»( Woodward 2002,52)

سـەرەڕای ئـەوە، ڤاتیمـۆ ئـەو کۆتایـی مێـژووەی لای سـەرەوە ئاماژەپێکـرا وەك قۆناغێکـی نـە پێشـکەوتوو و نـە دواکەوتـوو لـەو مێـژووە ئەزانێـت. چونکـە، بەپێـی ڕاڤـەی ڤاتیمـۆ ئەزموونـی کۆتایـی مێـژوو، کـە لەنـاو کولتـووری سـەدەی بیسـتدا بڵاوبـووەوە، بـەردەوام خـۆی دووبارەئەکاتـەوە و «ئاوابوونـی رۆژئاوا»شـمان بیرئەخاتـەوە(Vattimo,1988). ئەمـە ئەوەشـمان پێدەڵێـت، کـە کاریگەرییەکانـی کۆتایـی مێـژوو و تازەگەریـی لەسـەر فەلسـەفە قووڵـن( Harris,2021) و بەرهەمهێنـەری جۆرێـک لـە هیچگەراییشـن. ئەکرێـت لێـرەدا بپرسـین، کـە ئەمـە چ پێوەندییەکـی هەیـە بـە دیـدی ڤاتیمـۆوە بـۆ هیچگەرایـی؟ لـە بەشـی یەکەمـی کتێبـی «کۆتـای تازەگەریـی» دا ڤاتیمـۆ، بەنـاوی «هیچگەرایـی وەک چارەنـووس»، ئـەو وێنەیەمـان لادروسـتئەکات، کـە هیچگەرایـی خـۆی وەک چارەنووسـی ئێمـە پیشـان ئەیـات، بـەڵام ڤاتیمۆ هـاوکات کێشـەی گشـتیی هیچگەراییش

لە فەلسەفە(Vattimo,19,1988-31)، بەو جۆرە بەرباسدەخات، کە نیچە پێیوابوو، کە هیبچگەرایی بریتییە لە «کۆتایی خوا»، یان «داکەوتنی بەها بالاکان»( Ibid).
نزیکبوونەوە لە فەلسەفەی ڤاتیمۆ تایبەت بە هیبچگەرایی نیچە لەم پرسیارەشمان نزیکئەکاتەوە: کۆتایی تازەگەریی چییە؟ کۆتایهاتنی تازەگەریی ئەگەر ئەمە ئەو ساتە بێت کە تازەگەریی( هونەر، زانست، تەکنیکە تازەگەرییکان) ئامانجەکانی بەدەستهێنا، ئەوا ناتوانرێت هێشتا هەبێت. ئەگەر کۆتایی تازەگەریی زاڵبوونبێت بەسەر هەموو جیاکارییەک، تازەگەرییەک، دەربڕین، هەروەها شکاندن بێت لەگەڵ نەریت، هیوابێت بۆ نوێ، ئەوا لە راستییدا نە هاوسەنگی، نە تەواوکەری، نە شوێنەواری هیبچ شتێکی تر، نە "ڕۆژێکی دوای" بوونی ئەبێت. ئەگەر کۆتایی تازەگەریی ئەو شوێنە بێت، کە تازەگەریی بتوانێت ببێت بە خۆی، کە ناسنامەی خۆی لە جیاوازیەکانیەوە دەربهێنێت، کە هێزی ئەوەی هەبێت خۆی بەدیبهێنێت و ببێت بە ئەوەی کە هەدێت ی، ئەوا پاشتازەگەریی درکی بەوە کردووە، کە چییە. (Silverman,2001) ڤاتیمۆ بۆ ئەوەی ئەم لایەنە بەئاکام بگەیێنێت پێویستی بەوە ئەبێت جەخت لە گەڕانەوەی هەمیشەیی بکاتەوە لای نیچە و هەروەها لە بابەتی تێپەڕاندنی مێتافیزیك لای هایدیگەر. هێما بۆئەو لایەنە فەلسەفیەش ئەکات، کە ڕخنەی هایدیگەر لە هیۆمانیزم و بانگەشەی نیچە بۆ هیبچگەرایی دوو چرکەی فەلسەفیی پۆزەتیڤ و پێویستن بۆ سەرلەنوێ سازاندنەوەی فەلسەفە(Vattimo,1988). لێرەوە ئەگەینە ئەو دیتنە فەلسەفییەی، کە نیچە و هایدیگەر بۆ ڤاتیمۆ بەرهەمهێنەری فەلسەفەی پاش تازگەرەین و دەرهاویشتە فەلسەفیەکانیشیان بۆ شیکردنەوەی دیاردەکانی کۆمەڵگەی پاش تازەگەریی شایانی بەکاربردنن.
لە کۆتاییدا ئەوەش ئەڵێین، کە ڤاتیمۆ لە توێژینەوە فەلسەفییەکانیدا تایبەت بە تازەگەریی رۆژئاوا لێکدانەوەیەک بۆ هیبچگەرایی نیچە بەردەستدەخات، کە هەم پاشتازەگەریی ڕووناک ئەکاتەوە و هەم لەلایەن پاشتازەگەرییەوە ڕووناک ئەکرێتەوە، و هەم پێوەندییەکە وردتر ئەکاتەوە لە نێوان هیبچگەرایی و پاشتازەگەرییدا. کەواتە ڕەنگە بڵێین ڤاتیمۆ لەڕێگای رەخنەکردنی تازەگەریی رۆژئاوا نیچەیەکی هیبچگەرایی پاشتازەگەرمان بۆ دادەهێنێت ( Woodward2002,52,59). ئەم جۆرە نیچەیە بەری خوێندنەوەی ڤاتیمۆیە بۆ هیبچگەرایی نیچە، هاوکات ئەو تیۆری پاشتازەگەرییەی ڤاتیمۆ ئەیخاتەروو بە بەراورد بە هیبچگەرایی نیچە لە تیۆری پاشتازەگەریی فەرەنسییەکانەوە (لیوتار، بۆدریار) جیاوازە. چونکە پاشتازەگەریی ڤاتیمۆ لە پێوەندییدایە بە چەمکی «هزری لاواز»ەوە، کە تیۆریەکی هیبچگەراییانەی ڤاتیمۆیانەیە و ریشەیەکی هیبچگەرا و هێرمینۆتیکی هەیە.

## دەرئەنجام:

ئەوەی ڤاتیمۆ ئەیخاتە سەر تێگەیشتنی فەلسەفیی نیچە بۆ هیبچگەرایی بابەتی هزری لاوازە، کە لە رێگای ئەوەوە ڤاتیمۆ ڕەگ و ڕیشە قووڵەکەی هیبچگەرایی لە فەلسەفەدا گفتوگۆئەکات، نەک هەر ئەوە، بگرە چەمکی هزری لاواز لای ڤاتیمۆ خۆی وەک شێوازێک لە هێرمێنۆتیکیش پیشان ئەیات.
ڤاتیمۆ بۆچوونە فەلسەفییە دژە مێتافیزیکییەکانی لەناو بۆچوونە فەلسەفییە پاشتازەگەرییەکانی جێگای خۆی کردوەتەوە. ئەمەش بناغەی بۆ شیکارکردنی ئەو هیبچگەراییە داناوە، کە لە کولتووری پاشتازەگەرییدا بەرجەستەیە. لێرەوە ئەگەینە ئەوەش، کە رەخنەکردنی چەمکی هیبچگەرایی لای ڤاتیمۆ ریشەیەکی نیچەییانەی هەیە و ئەو رەخنەیە ئەو فۆرمانەش ئەخاتەروو، کە هیبچگەرایی لە کۆمەڵگەی پاشتازەگەریی دا وەریدەگرێت.

بەهۆی ڤاتیمۆوە نیچە لە رۆژئاوا بەگشتیی و لە ئیتاڵیا بەتایبەتی گەڕایەوە ناو دڵی گفتۆگۆی فەلسەفیی، بەڵام ڤاتیمۆ کارێکی فەلسەفیی زۆریشیکرد بۆ پشتگیریکردن لەو جۆرە فەلسەفەیەی بناغەدادەنێت بۆ رەتکردنەوەی پێکهاتە جێگیرەکانی بوون.
لێکدانەوەی ڤاتیمۆ بۆ هیچگەرایی نیچە بەجۆرێک کاری خۆی ئەکات، کە توخمە پاشتازەگەرییکانی بیرکردنەوەی نیچە لەگەڵ بۆچونە فەلسەفییەکانی خۆی تایبەت بە کۆتای مێژوو دەگونجێنێت. لەبەرئەوە ڤاتیمۆ لە هیچگەرایی نیچە فەلسەفەیەک پێکئەهێنێت، کە لە پێوەندییدایە بەو پاشتازەگەرییەوەی بۆ راڤەکردنی جیهانی ئێستامان، جیهانی پاش نیچە بەکاریئەبات.
هیچگەرایی نیچە ڤاتیمۆ بەرەو شیکارییەکی فەلسەفیی ئەبات سەبارەت بە تێپەراندنی مێتافیزیک، رووبەروبونەوەی راستیی و زانینی توند. واتە، ڤاتیمۆ کارلەسەر ئەوە ئەکات، کە هیچگەرایی، کە دیاردەیەکی کولتورییە، بیرۆکەی هیچبوون رۆڵی گەورەی تیائەبینێت.
ئۆنتۆلۆژی هێرمێنۆتیکی فەیلەسوفی ئیتاڵی ڤاتیمۆ لەسەر بنەمای لێکدانەوەی هیچگەرایی نیچە و هایدیگەر دامەزراوە. ئەمەش پێماندەڵێت ئێستامان لەلایەن هیچگەراییەوە داگیرکراوە، لێ ڤاتیمۆ ئاگای لە دەرئەنجامە هیچگەراییەکانی هێرمێنۆتیکیش هەیە و ، ئەڵبەتە ئەو چەمکانەش، کە ڤاتیمۆ لە رێگای خوێندنەوەیەکی ئۆنتۆلۆژی هێرمێنۆتیکییەوە پێیدەگات نامێتافیزیکیین. بۆیە «مردنی خودا»ی نیچە بۆ ڤاتیمۆ سروشتی هیچگەرایی هێرمێنۆتیکی روونئەکاتەوە.
ئەو جۆرە هێرمینۆتیکەی ڤاتیمۆ کاری لەسەرئەکات لەسەر ئەو بناغەیە بونیادنراوە (کە لە ناوەڕۆکدا هێرمینۆتیکێکی نیچەییانەیە)، کە ئەوی پێیدەوترێت بەڵگە بوونی نییە، بەڵکو لە بڕی ئەوە لێکدانەوە هەیە. ئەو لێکدانەوەیەی دەشخرێتەڕوو لێکدانەوەی واتای فەلسەفیی هێرمینۆتیکە، بەڵام کامە هێرمینۆتیك؟. ئەڵبەتە ئەو هێرمینۆتیکەی، کە پتر فەلسەفەییە، کە بە باوەڕی ڤاتیمۆ هەر ئەوەشە، کە ئەمڕۆ هەیە.

# العدمية النيتشوية على حسب فاتيمو
# بحث تحليلي - نقدي

## الملخص

جاني فاتيمو Vattimo Gianni ( ١٩٣٠) فيلسوف وناشط سياسي من جيل ما بعد الحداثة والعدمية Nihilism الايطالية ، واحد الفلاسفة الايطاليين الغربيين المؤثرين في مجال التفسير الفلسفي لنيتشه ، وكان هو السبب في الاتيان بنيتشه وهايدغر الى داخل الوسط البحثي الفلسفي الايطالي في السنوات ما بعد عام ١٩٧٠ ، وقد شملت حوارات فاتيمو المستمرة مع نيتشه واسلوب بحثه مجالات كثيرة .
إن الامر القائم في البحث الحالي هو تسليط الضوء على العدمية النيتشوية وطبعاً سيثمر هذا الجانب عن افرع عديدة في هذا البحث فيا يتعلق بنظرة فاتيمو الى العدمية النيتشوية ، ومنه مناقشة فاتيمو لموضوع التأويل Hermeneutics ،الحقيقة ، الاخلاق ، ويوضح هذا الجانب ان نيتشه الذي يحاوره فاتيمو اقرب الى فاتيمو الايطالي منه الى الفلسفة الفرنسية او الالمانية ، وتفسيرات فاتيمو فيما يتعلق بالعدمية النيتشوية لاتطرق الابواب ذاتها التي طرقها اسلافه من الفلاسفة الغربيين ، لان تفسيرات فاتيمو تظهر نيتشه بوصفه فيلسوفاً ثورياً وسياسيا واجتماعيا ، وهو تأويل جديد في العدمية النيتشوية تحت عنوان العدمية التأويلية Hermeneutical Nihilism ، وهذا ما هو معقود بموضوعات الحداثة وما بعد الحداثة ، ومن اجل ان نشرح

العدمية بحسب النيتشوية الايطالية فنحن بحاجة الى شرح مفهوم الفكر الضعيف Weak thought، الذي له اهمية لدى فاتيمو ، وذلك لان مفهوم العدمية النيتشوية لدى فاتيمو مرتبط بمفاهيم العدمية الاخرى ، ولذلك فاننا في هذا البحث سنقف كثيرا على تلك الجوانب التي توضح كيف ان العدمية النيتشوية على حسب فاتيمو تلك العدمية التي تجعل من فاتيمو نيتشوياً ايطالياً .

وطبعاً فإن البحث الحالي يفترض انه وبسبب نيتشه اخذت تناقش مشكلة العدمية ، وهو ما يجعل من العدمية النيتشوية تحتل صدارة افكار فاتيمو الفلسفية المضادة للميتافيزيقيا ولما بعد الحداثة ، هذا وتوصل البحث الحالي الى مجموعة من النتائج اهمها ما اضافه فاتيمو على مستوى فهم نيتشه الفلسفي هو موضوع الفكر الضعيف ، الذي عن طريقه ناقش فاتيمو واوضح الجذور العميقة للعدمية في الفلسفة ، ومفهوم الفكر الضعيف بوصفه شكلا للتأويلية ، ومن اجل ذلك نسأل : ما هو الاساس الميتافيزيقي للمجتمع الحديث ؟ الذي رفضه فاتيمو ماذا يعني لفظ ما بعد الحداثة في مجال العدمية التأويلية لدى فاتيمو ؟ ومن اجل الاجابة عن هذه الاسئلة نقف في هذا البحث على ثلاثة محاور لها معان في فكر فاتيمو فيما يتعلق بالعدمية النيتشوية : التأويلية ، ما بعد الحداثة ، الفكر الضعيف .

**الكلمات المفتاحية : العدمية ، نيتشه ، فاتيمو ، التأويلية ، مابعد الحداثة ، الفكر الضعيف .**

## Abstract

Nietzschean Nihilism according to Vattimo

Gianni Vattimo is an Italian postmodern and nihilistic philosopher and political activist. He is one of the most influential Italian and Western philosophers in the interpretation of Nietzsche's philosophy. It was he who brought Nietzsche and Heidegger to the center of philosophical research in Italy in the late ١٩٧٠s. Vatimo's continuous dialogue with Nietzsche and the Nietzschean tradition is multifaceted. Of course, this aspect adds other branches to our study of Vatimo's view of Nietzsche's nihilism, including Vatimo's discussion of hermeneutics, truth, and morality. The research also shows that the Nietzsche discussed by Vatimo is closer to an Italian Vatimo than to French or German philosophy. Vatimo's interpretations of Nietzsche's nihilism do not open the same philosophical doors as his contemporaries in the West. Because in Vatimo's interpretations, Nietzsche presents himself as a revolutionary political and social philosopher and produces a new hermeneutics within Nietzsche's nihilism called hermeneutical nihilism, which is linked to the discussions of modernity and postmodernity. To interpret nihilism according to Italian Nietzsche, we need to interpret the concept of weak thought, which is important to Vattimo. Because Vatimo's concept of Nietzsche's nihilism is related to other concepts of nihilism, therefore, in this research we will focus more on the aspect that Nietzsche's nihilism according to Vatimo is the nihilism that makes Vatimo the Nietzsche of Italy.

We have also reached several conclusions in the research, the most important of which is that the

research is an attempt to investigate Nietzsche's nihilism in Vatimo's philosophy, which has opened the way for Vatimo to criticize Western modernity.Therefore, we ask: What are the metaphysical foundations of modern society that Vatimo rejects? What does the term postmodernism mean in Vatimo's hermeneutic nihilism? To answer these questions, we will focus on three themes that are meaningful in Vatimo's thought about Nietzsche's nihilism: hermeneutics, postmodernism, and weak thought.

**Nihilism, Nietzsche, Keywords: Vattimo, Hermeneutics ,Postmodern, Weak thought**

## لیستی سەرچاوەکان


Arrien, S.-J. & Gauvin, F. (1997). Vattimo, Gianni, La Fin de la modernité ; nihilisme et herméneutique dans la culture postmoderne; et L'Étique de l'interprétation]. Laval théologique et philosophique, 53(1), 233–238. https://doi.org/10.7202401059/ar

Davey , Nicholas (2015). Gianni Vattimo. Chapter 53.Book Editor(s):Niall Keane, Chris Lawn. https://doi.org/10.10029781118529812/.ch53

Harris, Matthew Edward (2021). Gianni Vattimo. Internet Encyclopedia of Philosophy. Staffordshire University https://iep.utm.edu/

Kobyliński , Andrzej (2016). Ethics And Nihilism In The Philosophy Of Weak Thought Of Gianni Vattimo. vol. 37 , no. 4, p. 5567- DOI: http://doi.org/10.21852/sem.2016.4.05

Melancu, Ştefan (2009). La crise de la modernité dans la conception de Heidegger. Université de Târgu-Jiu, Roumanie.
http://caieteleechinox.lett.ubbcluj.ro/wp-content/uploads/202010//Caiete-Echinox172009--pp.101113-.pdf

Nietzsche, Friedrich (1968). The Will To Power, trans. Walter Kaufman and R.J. Hollingdale. New York: Vintage.

Nietzsche, Friedrich ( 1990). The Anti-Christ, translated by R. J. Hollingdale, with introduction by M. Tanner. Penguin Books.

Nietzsche, Friedrich (1996). On the Genealogy of Morals, trans. Douglas Smith. Oxford and New York: Oxford University Press.

Pratt, Alan(2021).Nihilism. Internet Encyclopedia of Philosophy . Staffordshire University. https://iep.utm.edu/nihilism/

Silverman , Hugh(2001). Le postmodernisme comme modernité « fin de siècle » (ou : Le postmodernisme aux fins de l'« in-différence »)
Dans Revue de métaphysique et de morale /4 (n° 32), pages 483 à 494
https://www.cairn.info/revue-de-metaphysique-et-de-morale-20014--page-483.htm#re5no5

Valgenti , Robert T(2016). Gianni Vattimo: An Accomplished Nihilist. The Los Angeles Review of Books https://lareviewofbooks.org/article/gianni-vattimo-an-accomplished-nihilist/

Vattimo, Gianni(1986). Nietzsche and Heidegger / Stanford Italian Review 6.12/. — Stanford: Stanford University.

Vattimo ,Gianni (1988). The End of Modernity: Nihilism and Hermeneutics in Postmodern Culture. Translated: Jon R. Snyder, Johns Hopkins University Press.

Vattimo ,Gianni (1993). The Adventure of Difference: Philosophy after Nietzsche and Heidegger, trans. Th. Harrison, C.P. Blamires, Johns Hopkins University Press, Baltimore.

Vattimo ,Gianni (1997). Utöver tolkningen: Hermeneutikens betydelse för filosofin. Efterord och översättning: William Fovet. Daidalos.

Vattimo ,Gianni (1997). Beyond Interpretation: The Meaning of Hermeneutics for Philosophy, trans. D. Webb, Stanford University Press, Stanford.

Vattimo ,Gianni (1998). Friedrich Nietzsche - en introduktion. Översättare William Fovet. Daidalos.

Vattimo ,Gianni & Gurciullo, Sebastian (2001). Interpretation and Nihilism as the Depletion of Being: A Discussion with Gianni Vattimo About the Consequences of Hermeneutics. Theory and Event 5 (2). https://muse.jhu.edu/article/32621/summary

Vattimo ,Gianni (2002). Nietzsche: An Introduction. Stanford University Press. Translated:Nicholas Martin.

Vattimo ,Gianni (2006). Dialogue with Nietzsche. Translated:William McCuaig, Columbia University Press;.

Vattimo ,Gianni (2007). Nihilism and Emancipation. Ethics, Politics, and Law. Columbia University Press .

Vattimo ,Gianni & Rovatti, Pier Aldo (2012). Weak Thought. Introduction and Translated by Peter Carravetta. SUNY series in Contemporary Italian Philosophy .

Vattimo ,Gianni & Marder, Michael (2014). Deconstructing Zionism.A Critique of Political Metaphysics. Bloomsbury Academic.

Vattimo ,Gianni (2019). Beyond the Subject: Nietzsche, Heidegger, and Hermeneutics. Translated and Introduction by , Peter Carravetta, State University of New York Press.

Vazquez, Juan Luis Toribio (2021). Nietzsche's shadow: On the origin and development of the term nihilism. Philosophy and Social Criticism, Vol. 47(10) 1199–1212

Woodward , Ashley (2002). Nihilism and the postmodern in Vattimo's Nietzsche. Minerva - An Internet Journal of Philosophy 6: 51–67 http://www.minerva.mic.ul.ie/vol6/nihilism.html

Zabala , Santiago(2006). Weakening Philosophy: Essays in Honour of Gianni Vattimo, McGill-Queen's University Press .

Сидоров А. М(2017). Герменевтическая онтология Дж. Ваттимо. Таврический научный обозреватель № 4 (21), часть 1.